# دۆزی کورد لە تورکیا
## بەشی یەکەم :پاشخانی مێژوویی

دکتۆر جەبار قادر

لە کۆتایی سەدەی رابردودا گەلێ باس و لێکدانەوە لە رۆژنامە و گۆڤار و دەزگاکانی میدیادا دەربارەی دۆزی کورد لە تورکیا بلاْوکرانەوە. سەرجەمی ئەو باس و وتارانە بۆ رەوشی ئەورۆی دۆزی کورد لە تورکیا تەرخان کرابوون و بەدەگمەن نووسەرەکانیان خۆیان لە قەرەی پاشخانی مێژوویی ئەو کێشەیە دابوو، تەنانەت گەر لایەکیشیان لەو بابەتە کردبێتەوە، ئەوا لە هەندێ زانیاری گشتیی دەربارەی مێژووی هاوچەرخی کورد بەگشتی و کوردی باکووری کوردستان بەتایبەتی بەولاوە تێنەدەپەڕین.

بەبڕوای من بەبێ لێکدانەوەی زانستیانەی ئەو پاشخانە مێژووییە مرۆڤ ناتوانێ باری ئەورۆی کوردی باکوری کوردستان تێبگات و بیر و بۆچوون و هەڵس و کەوتی پارت و رێکخراوە سیاسییەکانی کورد لەو بەشەی کوردستاندا هەڵبسەنگێنێ. لێرەوە بیرۆکەی نرخاندنی دۆزی کورد لە چوارچێوەی رەوتی مێژوویی خۆیدا خۆی دەسەپێنێ.

تێنەگەشتنێکی گشتیی لە بارەی مێژووی پەیدابوونی دۆزی کوردەوە لە ئارادایە. لێرەو لەوێ گوێمان لێدەبێ کە کورد سەدان و تەنانەت هەزاران ساڵە بەدەست ئەم دۆزەوە دەناڵێنێ. گەلێ جاریش مێژووی دۆزی کورد لەلای نووسەران سنووری سەدەی بیستەمین تێناپەڕێنێ. بەلای منەوە هیچ یەکێ لەو بۆچوونانە لە گەڵ راستیی رەوتی مێژوویی دۆزی کوردا دەقا و دەق یەك ناگرێتەوە.

دۆزی کورد لە کۆتایی سەدەی هەژدەمین و سەرەتای سەدەی نۆزدەمیندا وەکو دۆزێکی سیاسی لە سەر شانۆی رووداوەکانی رۆژهەلاْتی نزیك پەیدا دەبێ و لە ماوەی تەمەنی دوو سەد ساڵەی خۆیدا بە فۆرم و شێوازی جیاواز خۆی دەنوێنێ. وەکو دەزانین لە کۆتایی سەدەی هەژدەمیندا دەوڵەتی ئۆسمانی دەرکی بەوە کرد کە لە ولاْتانی ئەورووپا بەدواکەوتوە. لێرەوە دەروازەی بالاْ (بابی عالی) (بۆ یەکەمین جار دەستەواژەی دەروازەی بالاْم لە مامۆستای بەرێزم دوکتۆر کەمال مەزهەر بیستوە و جێگەی خۆیەتی بۆ ئەمانەتی مێژوویی ئاماژە بەو راستییە بکەم) بڕیاریدا هەندێ چاکسازی و ئاڵ و گۆڕ بەدی بێنێ کە لە مێژوودا بە (تەنزیماتی ئۆسمانی) نێویان دەرکردووە. مەبەستی سەرەکی دەروازەی بالاْ لەم کارە تەنها مانەوەی دەوڵەتی ئۆسمانی و سەپاندنی دەسەلاْتی ناوەندی بوو بەسەر هەموو کونجێکی ئیمپراتۆرییە فراوانەکەیدا. ئەم بۆچوون و رێبازە نوێیەی دەروازەی بالاْ بنەما و دڵی بنیاتی کۆمەڵی کوردەواری و رەوشی سیاسی کوردی پێکا، کاتێ بڕیاریدا دەست لە سیاسەتی پێشووی لە کورستاندا هەڵبگرێ کە لە کاتی شەڕی چاڵدێرانەوە (هاوینی 1514) لە ولاْتی کورداندا پەیڕەوی دەکرد. لە گۆڕ ئەو سیاسەتە دەروازەی بالاْ راستەوخۆ دەستی نەدەخستە کار و باری نێوخۆی کوردستانەوە و هەموو شتێکی وەکو خۆی بەدەستی سەرەك هۆز و دەرەبەگە کوردەکانەوە هێشتبووەوە.

ئەم سیاسەتەی دەروازەی بالاْ لە ماوەی سێ سەدەی رەبەقدا رەوشێکی لە رادەبەدەر ئاڵۆز و ناکۆکی لە کوردستاندا ئەفراندبوو. لە لایەکەوە کۆمەڵی کوردەواری لە باندۆر و مەترسیی بە ئۆسمانی و بە تورك بوون پاراست، بەتایبەتی ئەگەر ئەو ڕاستییە لە بیر نەکەین کە کوردستان نزیکترین ولاْت بوو لە ناوەندی دەسەلاْت و بلاْوبوونەوەی تورکەوە. لە ئەنجامدا کورد وەکو رەگەزێك لە سەر خاکی باو باپیرانی مایەوە و سەروەری خۆی لە سەر ئەو خاکە لە سەر تخوومەکانی دەروازەی بالاْ لە دەست نەدا. بەلاْم لە لایەکی ترەوە ئەو سیاسەتەی کاربەدەستانی ئۆسمانی لە کوردستاندا باری دابڕان و پەرش و بلاْوی و دووبەرکی و ناکۆکی خێڵەکی و هۆزگەری و ناوچەیی لە کوردستاندا سەپاند و بووە هۆی بەهێزبوونی دەسەلاًت و پایەی سەردارانی نێوچەیی و خێڵەکی. کۆمەڵی کوردەواری تاوەکو ئەورۆش جەزرەبەیەکی زۆر بە دەست ئەم دیاردە ماڵوێرانکەرەوە نەك تەنها لە سەر ئاستی کۆمەلاْیەتی بەڵکو لە سەر ئاستی سیاسیش دەکێشێ.

ئەوەی پەیوەندیی بە کوردەوە هەبوو لە سیاسەتی نوێی دەوڵەتی ئۆسمانیدا خۆ سازدان بوو بۆ داگیرکردن و بەرێوەبردنی ڕاستەوخۆی هەموو ناوچەکانی کوردستان لە لایەن نوێنەرانی دەروازەی بالاْوە کە دەبوایە لە جێگەی سەردارە نێوچەییەکان دابمەزرێنرین. ئەمە ئەڵقەی هەرە گرنگی ئەو رێبازە نوێیەی دەوڵەتی ئۆسمانی بوو لە کوردستاندا. کاردانەوەی سەردارانی نێوچەیی کورد چاوەڕوانی و بەرگری

کردن بوو لە سەر سنووری میرنشینە کوردییەکان کە یەك بە دوای یەکدا لە نێوبران و دوا میرنشینیان کە میرنشینی بابان بوو لە نێوەڕاستی سەدەی ڕابردوودا سەری نایەوە.

ئا بەو شێوەیە دۆزی کورد لە چارەکەی یەکەمی تەمەنی درێژیدا بریتی بوو لە هەوڵەکانی دەوڵەتی ئۆسمانی بۆ داگیرکردنی ڕاستەوخۆی کوردستان و بەرگری کردنی میرنشینە کوردییەکان لە هەبوونی خۆیان لە بەرامبەر هێزەکانی دەوڵەتدا. هەڵبەتە ئەو میرنشینە لاواز و ناکۆکانە لە توانایاندا نەبوو لەو ململانێیە ناهاوسەنگە سەرکەوتن بەدەست بێنن. لێرەدا دەبێ ئاماژە بەو ڕاستییە مێژووییە بکەم کە لە نێوان میرنشینەکاندا هێزی وا هەبوون دەیانتوانی لە دواییدا بینە بنگەی دەوڵەتی ناسیۆنالی کورد ( (ئەگەر) ) تەمەنیان درێژتر بوایە و لە نێو نەچوونایە. مخابن لە مێژوودا جێگەی (ئەگەر) نابێتەوە ئەگینا لە سەر ئارەزووی خۆمان نەك وەکو لە ڕاستیدا ڕووی داوە مێژوومان دروست دەکردەوە و ڕووداوەکانیمان دادەرشتەوە.

هەندێ لەو باس و خواسانەی کە دەیانەوێ میرنشینە کوردییەکانی ئەو سەردەمە لە وێنەی دەوڵەتی مۆدێرنی ئەم سەردەمەدا نیشان بدەن و تەنانەت پێشکەوتو تر لە هەردوو ئیدارەکەی ئەورۆی هەولێر و سلێمانی بیانخەنە ڕوو، ئەو مێژوویەکە کە دڵ دەیخوازێ نەك ئەوەی کە ڕوویداوە. ئەو بۆچون و باس و خواسانە ناکۆکن لە گەڵ سەرەتاییترین بنەماکانی زانستی مێژوودا. چۆن دەبێ بیری بەرێوەبەرایەتی ئەورۆی کورد، کە تا بڵێی کلۆڵ و بێدەرەتانە، لە گەڵ هەموو ئەو ئەزمون و گۆڕانکارییانەدا کە لە دونیادا ڕوویان داوە لە هی پێش زیاتر لە سەدەو نیوێك لە کوردستانێکی دابڕاو دواکەوتو تر بێ ؟.

لە دوای لە نێوچوونی میرنشینە کوردییەکان و لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوودا ڕێباز و تەریقەتە سۆفییەکان بە تایبەتی نەقشبەندی و قادری، زۆرجار بە پشتگیری ڕاستەوخۆی دەروازەی باڵا و بەتایبەتی سوڵتان عەولحەمیدی دووەم، هەوڵێکی زۆریان دا بۆشایی سیاسی و دەسەڵاتیی لە کوردستاندا پڕ بکەنەوە. ئەو پەیوەندییە توند و تۆڵە لە گەڵ ناوەندی دەسەڵاتدا ڕێگەی لە نوێنەرە ناودارەکانی ئەو ڕێبازانە نەگرت لە دژی دەوڵەت ڕاپەڕن. باشترین نموونەش سەرهەڵدانی ساڵی 1880 یە بە ڕابەرایەتی شێخ عوبەیدوڵای نەهری (شەمدینی، شەمزینی) کە هەردوو بەشەکەی ئەو دەمەی کوردستانی گرتەوە واتە کوردستانی ئۆسمانی و کوردستانی ئێران.

زوربەی نووسەرانی کورد و بیانی لەو بۆچوونەدا یەك دەگرنەوە کە ئەو ڕاپەرینە نمونەیەکی نوێ بوو لە مێژووی بزاڤی کوردیدا لە گەلێ لایەنەوە وەکو: خۆ ئامادە کردن

(کۆبوونەوەی سەردارانی کورد پێش بەرپابوونی سەرهەڵدانەکە و تاوتوێکردنی باری کوردستان و دەستنیشانکردنی ئامانج و وردەکارییەکانی بزاڤەکەیان) ، هەروەها ئەو دروشمانەی لە لایەن سەرهەڵداوانەوە بەرزکرانەوە (سەرکردایەتی سەرهەڵدانەکە داوای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی کردووە بە یەکگرتنەوەی هەردوو بەشی کوردستان) ، ژمارەی زۆری سەرهەڵداوانیش بەڵگەیەکی تری ئەم نرخاندنەیە (سەرچاوەکان باسی 50 تا 80 هەزار کەس دەکەن) ، ڕەنگیێ بۆ یەکەمین جار لە مێژووی دۆزی کوردا دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەو سەردەمە بەو شێوە زەقە دەستیان خستبێتە کاروباری کوردەوە (ئێران داوای لە ڕووسیا و بەریتانیا کرد یارمەتی بدەن بۆ سەرکوتکردنی سەرهەڵداوانی کورد و لە کۆتاییدا بە هاوکاری ئێران و دەوڵەتی ئۆسمانی و پشتگیریی ڕووسیا و بەریتانیا بزاڤەکە لە نێوبرا) ، گەلێ هەوڵیش درا ڕق و تووڕەیی کورد بەرەو ئامانجی دوور لە خواستی کورد ببرێن و سەرهەڵداوان بکەن بەگژ کرستیانەکانی کوردستان و دەوروبەریدا، بەڵام سەرکردایەتی ڕاپەرینەکە بە توندی لە دژی ئەو پیلانانە ڕاوەستا.

بە ڕاپەرینی ساڵی 1880، هەر چەندە ئامانجەکانی بەدی نەهاتن، لە گەڵ ئەوەشدا بزاڤ و دۆزی کورد تەکانێکی بۆ پێشەوە دا و ڕووخساری وەکو بزاڤێکی نەتەوەیی ڕزگاریخوازی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەشتر دەبوو.

ئەگەر لە کوردستانەوە بگوێزینەوە بۆ پایتەخت و ناوەندە مەزنەکانی دەوڵەتی ئۆسمانی ئەوا توێژی خوێنەواری بەئۆسمانیبووی کورد دەبوو بە دوو گرووپەوە : ئەندامانی گرووپی یەکەم لە دەزگاکانی دەوڵەتدا کاریان دەکرد و گەلێ پلە و پایەیان وەدەست هێنابوو و نێویان دەرکردبوو (لیستەی نێوی کەسایەتییە نێودارەکانی دەوڵەتی ئۆسمانی گەلێ کورد دەگرێتە خۆی کە پلەی وەزیری دەرەوە و سەرۆکی شۆرای دەوڵەت و شێخی ئیسلام و وەزیری ئەوقاف . تاد یان وەدەستهێناوە) ، لە کاتێکدا ئەندامەکانی گرووپی دووەمین چالاکانە لە بزاڤی سیاسی دژبەرانی (بەرهەڵستکارانی، نەیارانی) دەروازەی باڵادا بەشداریان دەکرد. تەنها بۆ نموونە دوو کەس لە دامەزرێنەرانی (کۆمەڵەی یەکێتی ئۆسمانی) کورد بوون. مەبەستمان عەبدوڵا جەودەت و ئیسحاق سکوتییە. ئەم کۆمەڵەیە کە نوێنەرانی گەلانی ناتورك

دایان مەزراندبوو هەوڵی ئەوەی دەدا لە دەوڵەتی ئۆسمانیدا شێوە بەرێوەبەرایەتیەك پەیدا بیێ کە ئەورۆ زاراوەی فیدیرالی بۆ پێناسە کردنی بەکار دەهێنرێ. ئەو رێبەرانە هەوڵیان دەدا یەکێتییەك لە نێوان دانیشتوانی دەوڵەتی ئۆسمانیدا، کە لە رەگەز و کولتوور و ئاینی جیاواز پێکهاتوون، دابمەزرێنن کە هیچ پەیوەندییەکی بەو شێواز و بناغەی زۆردارانەوە نەبێ کە دەوڵەتی ئۆسمانی لە سەریان دامەزر بوو. هەر کە تورکە شۆڤێنیستەکان دەستیان بەسەر کار و باری ئەو رێکخراوەدا گرت کە نێوەکەشی بوو بە (کۆمەڵەی یەکێتی و پێشکەوتن – ئیتیحاد و تەرەقی) ، لە ئامانجە سەرەکییەکانی دەسپێکی دووریان خستەوە و کەوتنە بانگەشەی توانەوە و بەتورك کردنی گەلانی ناتورك و رێبازی زۆرداری و سەرکوتکەرانەو بیر و بۆچوونی توندرەویان بۆ خۆیان هەڵبژارد. لە دژی ئەو هەڵوێستە نوێنەرانی کورد و گەلانی تری بندەست لە ریزەکانی کشانەوە و کەوتنە رەخنە گرتن و تەنانەت هەندێکیان هەموو ژیانی خۆیان بۆ بەرهەڵستیکردنی ئەو رێکخراوەیە تەرخان کرد.

لە دوا دەیەی سەدەی نۆزدەهەمەوە دەتوانین باس لە بەرهەڵستکارانی سیاسیی لە نێو رۆشنبیرانی کوردا لە دژی فەرمانرەوایی سولتان عەبدولحەمید بکەین. هەندێ لەمانە لە دەوری یەکەمین رۆژنامەی کوردی کە بە نێوی (کوردستان) لە 22 نیسانی 1898 دا لە قاهیرە یەکەمین ژمارەی لێ بلاوکرایەوە، کۆبوونەوە و هەندێکی تریان لە پایتەختەکانی دەوڵەتانی ئەورووپادا وەکو پاریس و جنێڤ و ڤیەننا گیرسانەوە. ئەمانە هەندێ بەیاننامە و راگەیاندنیان بلاوکردەوە کە تێیدا بە توندی رەخنەیان لە سیاسەتی دەروازەی بالا دەگرت و زۆرداریەکانی دەوڵەتیان بەرامبەر بە کورد و گەلانی تری دەوڵەتی ئۆسمانی ریسوا دەکرد. ئەمانە هەموویان نەوەی بنەماڵە ئوروستوکراتی و دەسەلاتدارەکانی کورد بوون و لە ئەستەموول خوێندبوویان و گەلێکیان کەوتبوونە ژێر باندۆری بیری سیاسی ئەورووپییەوە و بەتایبەتی بیری شۆرشی فەرەنساوە. دەتوانم بلێم کە باندۆری ئەم توێژە بچووکە و بیر و بۆچوونەکانی لە خودی کوردستاندا پلەی سفری تێنەدەپەراند.

لە گەڵ بەرپابوونی شۆرشی تورکەلاوەکاندا توێژی خوێندەواری کورد چالاکییەکی سیاسی و کولتووری بەرچاوی لە ئەستەموولی پایتەخت و شارە مەزنەکانی کوردستاندا نواند. لە سەردەمی دوای سالی 1908 و تاوەکو دەستپێکی شەری یەکەمی جیهانیی چەند کۆمەڵە و رێکخراوەیەکی کوردی سازکران وەکو کۆمەڵەی هاریکاری و پێشخستنی کورد (کورد تعاون و ترقی جمعیتی) و کۆمەڵەی هیڤی، کە گەلێ جار لە سەرچاوەکاندا بە هیوا نێودەبرێ، و کۆمەڵەی بلاوکردنەوەی زانیاری کورد (کورد نشری معارف جمعیتی) ، هەروەها لەو سەردەمەدا رۆژنامەیەك بە نێوی (کورد تعاون و ترقی جمعیتی غزەتەسی) کە لە سەرچاوەکاندا هەر بە رۆژنامەی (کورد) نێوی رۆیشتووە و گۆڤارێك بە نێوی (رۆژا کورد) بلاوکرانەوە.

مخابن (بەهاری ئازادی) لە دەوڵەتی دەروازەی بالادا گەلێ کورت بوو بەتایبەتی کاتێ کە سێ کوچکەی تۆرانیی ستەمکار و زۆردار (ئەنوەر و تەلعەت و جەمال) دەستی بە سەر دەسەلاتدا گرت و هەموو ئاوازێکی جودای لە دەرەوەی مێگەلی ئیتیحاد و تەرەقی بێدەنگ کرد. دەسەلاتی تورکەلاوەکان کۆمەڵە کوردییەکانیان قەدەغە کرد و بلاوکردنەوەی رۆژنامە و گۆڤاری کوردییان بە (پیلانێك لە دژی یەکێتی ئومەتی ئۆسمانی) لە قەڵەم دا.

گرگرتنی شەری یەکەمی جیهانیی کۆتایی بە هەموو دیاردە و شوێنەوارەکانی بزاڤی سیاسی و رۆشنبیریی کوردی هێنا، چونکە زوربەی ئەندامە چالاکەکانی ئەو بزاڤە کە لە بنەرەتدا دەرچووی قوتابخانە سەربازییەکان بوون، رەوانەی بەرەکانی جەنگ کران. راگەیاندنی (جەنگی پیرۆزیش) لە لایەن سولتانی ئۆسمانییەوە بووە هۆی سەرلێشێوانی سەردارانی کورد و وەرگەرانی رق و کینەی کورد بەرامبەر بە دەسەلاتدارانی تورك بەر بە لایەکدا کە نەك تەنها هیچ بەرژەوەندییەکی بۆ گەلی کورد تێدا نەبوو، بەڵکو گەلێ مەینەتی و ماڵوێرانیشی بەدواوە بوو.

شوێنەوارەکانی ئەو شەرە بۆ کورد و ولاتەکەی ماڵوێرانکەر بوون. گەلێ ناوچەی کوردستان بوون بە گۆرەپانی شەری خوێناوی لە نێوان سوپاکانی ئۆسمانی و رووسیادا و بە درێژایی سالانی شەر بۆ چەندین جار ئەم دەست و ئەو دەستیان کرد. هەروەها سوپاکانی بریتانیا و بە ئەندازەیەکی کەمتر سوپای فەرەنساش دوای خوێن رشتنی کەمتر گەلێ ناوچەیان لە باشوور و باکووری کوردستان داگیرکرد. مێژوونووسی بەنێوبانگی کورد محەمەد ئەمین زەکی، کە بە خۆی لە کاتی ئەو شەرەدا ئەفسەرێکی بالای سوپای ئۆسمانی بووە، گەلێ ئاماری ترسناکی لە مەر زیانە ئابوری و مرۆڤانییەکانی کورد لەو شەرەدا بۆ تۆمار کردووین. هەڵبەتە زیانەکانی کورد بە هۆی

سیاسەتەکانی تورکەلاوەکانەوە لەوانەی بە هۆی هێرشەکانی رووس و ئینگلیز و فەرەنسییەکانەوە کەمتر نەبوون، چونکە سوپای ئۆسمانی وەکو دڕندەترین سوپای داگیرکەر لە کوردستاندا هەڵس و کەوتی دەکرد. هەرچەندە لە ساڵانی شەڕدا لێرە و لەوێ هەندێ سەرهەڵدان و ڕاپەڕینی لە یەك دابڕاو بەرپابون، لێ باندۆرێکی ئەوتۆیان لە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان نەبو.

لە سەردەمی دوای تێکشکانی دەوڵەتی ئۆسمانی و تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهانی گەلێ ڕووداوی چارەنووسساز ڕوویاندا و شوێنەواری خۆیان بە سەر ڕەوتی دۆز و بزاڤی نیشتمانیی کوردەوە بەجێهێلا. لە ماوەی چەند ساڵێکدا شۆرشی ئوکتۆبەر لە روسیا و سەرهەڵدانی بزاڤی کەمالی لە تورکیا و سەرکەوتنی ئەو بزاڤە بە سەر داگیرکەرانی بیانیدا و دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق لە ژێر مەنداتی بەریتانیا و کۆماری تورکیا و پێش ئەوە بەستنی پەیماننامەی سیڤر و هەڵوەشاندنەوەی و بەستنی پەیماننامەی لۆزان و دەیان ڕووداوی بچوکتر باری سیاسی ناوچەکەیان سەر و بن کرد و لەو ساڵانەدا ڕابەرانی کورد نەیانتوانی هیچ پرۆژەیەکی جیدی ئەنجام بدەن.

پەیمانی هاوپەیمانان لە کاتی شەڕدا بۆ گەلانی بندەستی دەوڵەتی ئۆسمانی و چواردە بەندەکەی سەرۆکی ئەمریکی ودرۆ ویلسن لە لایەکەوە و سۆز و پەیمانی حکومەتی سوڵتان دەربارەی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئۆسمانیدا لە لایەکی ترەوە و سەرباری هەموو ئەمانە گوتە ئاگرینەکانی موستەفا کەمال لە بارەی (برایانی ئاینەوە کە هەمیشە ئامادەن لە پێناوی نیشتمان و ئایندا خۆ بەخت بکەن) و پێویستیی وەلامدانەوەی داخوازییە نەتەوەیی و نیشتمانییە ڕەواکانیان، هەڵبەتە دوای رزگارکردنی ولات لە داگیرکەرانی بیانی، سەریان لە سەردارانی کورد شێواندبوو.

ئەم سۆز و پەیمانانە زۆر بە یەك ناکۆك بون و بووبونە هۆی قووڵ کردنەوەی ناکۆکی و لێکترازان لە ڕیزەکانی سەردارانی کوردا، کە بەبێ ئەوەش گەلێ گێرمە و کێشە و بگرە و بەردەیان لە نێواندا هەبوو.

لە سەردەمی دوای شەڕی یەکەمی جیهانیدا دەتوانین بەگشتی چوار ڕێبازی سەرەکی لە نێو سیاسەتمەدار و سەردارانی کوردا دەستنیشان بکەین : گروپی یەکەمین کە ئەندامە لاوەکانی بزاڤی نیشتمانی کوردی دەگرتەخۆ داوای سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنالی کوردیان دەکرد. کۆمەڵەی دووەم لەو کوردانە پێکدەهات کە گەلێ پلە و پایەی بڵندیان لە دەوڵەتی ئۆسمانیدا وەدەست هێنابوو و نەیاندەویست نە لە دەوڵەت و دام و دەزگاکانی دابڕێن و نە پلەی کۆمەلایەتییان لە جڤاکی کوردیدا لە دەست بدەن، بۆیەکا لە گەڵ ئەوەدا بوون کە کورد کارو باری خۆی بە خۆی لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئۆسمانیدا بەرێوە ببات (ئەگەر بکرێ زاراوەی ئەورۆ بۆ پێناسەکردنی ئەم گروپە بەکار بێنین ئەوا دەتوانین بە ئۆتۆنۆمی یا خودموختاریخواز ناویان ببەین) . گروپی سێیەمین لە گەڵ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیدا بوو لە ژێر مەندات و چاودێری بەریتانیادا. باڵێکی لاوازیش لە بزاڤی نیشتمانیی کوردا کە لە کەسایەتی وەکو شەریف پاشا و موستەفا پاشای یاملکی و هەندێ کوردی پایەداری تر پێکهاتبوو لە هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردا بوو لە ژێر چاودێری ئێراندا.

لێرەدا گەلێ بە پێویستی دەزانم ئاماژە بۆ ئەو ڕاستییە بکەم کە ناوەندی چالاکی بژاردەی (ئەلیتە – نوخبە) سیاسی کورد ئەستەمووڵ بوو. لە خودی کوردستاندا کە سەرەك هۆز و دەرەبەگ و سەردارە نێوچەییەکان دەستیان بە سەر چارەنووسی بزاڤی نیشتمانی کوردا گرتبوو، سیاسەتمەدارانی ئەستەمووڵ نەناسراو بوون.

بەکوردی و کورتی دەبێ دان بەو ڕاستییە تاڵەدا بنێین کە کورد دوا بە دوای شەڕی یەکەمی جیهانیی نە خودان پرۆژەیەکی سیاسی یەکگرتوو بوو و نە سەرکردایەتییەکی دووربین و خاوەن کاریزمای هەبوو کە هیچ نەبێ زۆرینەی کورد لە دەوری کۆ بکاتەوە و بەرەو سەرکەوتن پێشەنگیان بکات. لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستەمدا مس بێڵ سکرتێری کۆمیسێری باڵای ئینگلیز لە عیراق ئەم ڕاستییەی دەست نیشان کردووە کاتێ دەڵێ (کورد نەتەوەیەکی بێ سەرکردەیە) .

موستەفا کمال کە کەوتبووە کۆکردنەوەی هێزە بەرهەڵستکارەکانی حکومەتی ئەستەمووڵ ئەم بارەی بەشێوەیەکی وەستایانە بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکارهێنا و بزاڤەکەی لە کوردستانەوە دەست پێکرد و سەردارە ناوچەییەکانی، کە خودان دەسەلاتی ڕاستەقینە بوون لە کۆمەڵی کوردەوارییدا، بۆ لای خۆی ڕاکێشا و بە سۆز و پەیمانی درۆ لە خشتەی بردن. موستەفا کەمال بە شێوەیەکی وەستایانە مەترسیی کوردی لە داخوازییە فراوانخوازییەکانی ئەرمەن بۆ نزیکبوونەوە لە سەردارانی کورد بەکارهێنا. پرۆژەی ئەرمینیای مەزن زوربەی

www.kurdistannet.org

ناوچەکانی باکووری کوردستانی دەگرتەوە. لەم بوارەدا موستەفا کەمال شەریف پاشای، کە لە گەڵ نوێنەری ئەرمەندا لە پاریس پەیماننامەی هاوبەشی مۆر کردبوو، وەکو کابرایەکی هەڵخەڵەتاو و ولاتفرۆش بە سەردارانی کورد دەناساند.

جێگەی خۆیەتی لێرەدا بڵێم کە شەریف پاشا هەرچەندە هەوڵی دیبلۆماسی باشی دابوو بۆ ئەوەی دۆزی گەلی کورد بباتە کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس و ڕەخنەی توندی لە داخوازییە فراوانخوازەکانی ئەرمەن گرتبوو، لە گەڵ ئەوەشدا دووری شەریف پاشا بە درێژایی ژیانی لە کۆمەڵی کوردەواری و بێئاگایی لە باری سیاسی و هاوسەنگی هێزەکان لە کوردستاندا و هەوڵی بێوچانی بۆ پەیداکردنی تاجێك، تووشی هەڵەی کوشندەی هێنا و چارەنووسی سیاسی دیاری کرد. مۆرکردنی پەیمانێك لە گەڵ نوێنەری ئەرمەنەکاندا، هەرچەندە بە نیەتی باش و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و قایل کردنی دەوڵەتانی هاوپەیمان بوو، بەلاّم لە راستیدا هیچ ئەنجامێکی ئەرێنی بەدەستەوە نەداو بوو بە کەرەستەیەك بە دەست موستەفا کەمالەوە بۆ پەراوێزکردنی سیاسەتمەدارانی کورد لە ئەستەمولّ و ئەورووپا و نزیك بوونەوە لە سەرەك هۆز و ئاغا و سەردارانی کورد لە خودی کوردستاندا.

لە گەڵ پەرەسەندنی ڕۆڵ و باندۆری موستەفا کەمالدا لەو بزاڤەی کە لە دواییدا نێوی (بزاڤی کەمالی) لێنرا و لە سەر سەرداره خێڵەکییە کوردەکان، ڕۆڵی بژاردەی سیاسی کورد، کە بەخۆی لە بنەڕەتدا هەر لاواز بوو، ئەوەندەی تریش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بێ هێز دەبوو و دەکشایەوە وپێگەکانی یەك لە دوای یەك بۆ هاوپەیمانانی کەمالییەکان چۆڵ دەکرد.

لە سێبەری ئەو ڕەوشە سیاسییەدا پەیماننامەی (سیڤەر) مۆرکرا. ئەو سێ بەندەی کە پەیوەندیان بە کوردەوە هەبوو بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا بە شێوەیەکی فەرمی دانیان بە بەشێکی کەمی مافەکانی کوردا دەنا، بێ ئەوەی دەوڵەتانی مۆرکەر بە شێوەیەکی ڕەسمی پەیماننامەکە ئیقرار بکەن و بیخەنە ژیانەوە (تەنها ئیتالیا نەبێ کە زۆر بە پەلە بوو بۆ ئەوەی ئەو ناوچانەی بۆی تەرخان کرابوون هەڵبلووشێێ پێش ئەوەی باری سیاسی بگۆڕێ و هیچی بۆ نەمێنێتەوە) . دەوڵەتە سەرەکییەکان کە سیڤەریان مۆر کردبوو هەر پێش ئەوەی مەرەکەبەکەی وشك ببێتەوە ئامادەییان دەربڕی کە بە بەندەکانیدا بچنەوە و ئاڵ و گۆڕی پێویستی تێدا بکەن کە لە گەڵ خواستی کەمالییەکان و باری سیاسی نوێی ناوچەکەدا بگونجێن.

سەرکەوتنی کەمالییەکان لە بەرەکانی جەنگدا، بەتایبەتی لە بەرامبەری یۆنانییەکان و گەشەکردنی پەیوەندییەکانیان لە گەڵ بەلشەڤییەکاندا و هەندێ بویەری (ڕووداوی) تر بوونە هۆی گۆڕانکاریی گەورە لە ئاسیای بچووکدا کە هەمووی لە بەرژەوەندی کەمالیەکان و کاڵبوونەوەی هەموو نیشانەیەکی بالادەستیی و تەنانەت هەبوونی دەروازەی بالاّ بوون.

موستەفا کەمال هەر لە سەرەتای ئەو بزاڤەوە کە لە دواییدا بە نێوی خۆیەوە ناسرا دەستی کردبوو بە جێ بەجێکردنی پرۆژە سیاسییەکەی. گرنگترین خاڵەکانی ئەو پرۆژەیە بریتی بوون لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی تورکی یەك ڕەنگ و یەك نەتەوە لە ژێر دەسەلاتێکی تۆتالیتاریدا کە بە خۆی لە سەر ترۆپکی دانیشتبێ لە سەر کەلاوەکانی دەوڵەتی ئۆسمانی تێکشکاو (واتە دەوڵەتی تاکە نەتەوە و تاقە زمان و سەرکردەی تاقانە) . ئا لەو دید و بۆچوونەوە هەر لە دەستپێکی بزاڤەکەیەوە کەوتە هەوڵ و تەقەلا بۆ سەرکوتکردنی بچوکترین جم و جوڵی سیاسی کوردان. تەنها بۆ نموونە لە سەختترین ڕۆژەکانی شەڕدا لە دژی یۆنانییەکان هێزی سەربازیی گرنگی لە بەرەکانی جەنگەوە گواستەوە بۆ سەرکوتکردنی سەرهەڵدانی کوردی قۆچگیری لە سالاّنی 1919– 1921. هەروەها فەرمایشتەکانی بۆ سەرکردە سوپای و سڤیلەکان و تەنانەت بۆ کاربەدەستانی پۆست و تەلگراف ئەوە بوون کە بە لەزی (زوویی) و توندترین شێوە لە دژی هەموو جم و جوولێکی کوردان وەخۆ کەون با ئەو جم و جوولە گەلێ بچووك و بێ بایەخیش بێ. هەروەها داوای لێکردن هەموو پەوەندییەك لە نێوان بژاردەی سیاسی کوردا لە ئەستەموولّ و هەندەران و سەرداره ناوچەییەکاندا لە کوردستان ببچڕن و لێکیان دابڕن. نامە و پۆستی بزاڤی سیاسی کورد لە ئەستەموولّ و هەندەران نەدەگەیشتنە ئەندامانی بزاڤەکە لە کوردستان، بەڵکو کاربەدەستانی کەمالی دەستیان بەسەردا دەگرت و بۆ موستەفا کەمال و هاوڕێکانی دەنێردران.

بەو شێوەیە موستەفا کەمال ئاگای لە هەموو کەین و بەینەکانی بزاڤی نیشتمانی کوردیی لە کوردستان و پایتەخت و هەندەران هەبوو و کەوتبووە پیلانگێڕان بۆ ئەوەی ئەو هەولاّنە هەر لە لانکەدا جوانەمەرگ بکات.

لە گەڵ هەموو ئەوەشدا موستەفا کەمال ئەو دەمە هێشتا لە بارێکی وادا نەبوو بە ئاشکرا دوژمنایەتی کورد وەکو گەل و ڕەگەز بکات. لە دەستپێکدا هەوڵی ئەوەی دەدا ئەندامە چالاك و نیشتمانپەروەرەکانی کورد لە بەر چاوی خەڵك ڕەش بکات و بە ئاژان و پیاوی بیانی و

دۆستی ئەرمەن و دوژمنانی ئیسلام و ولآتفرۆشیی نێوزەدیان بکات و لە هەمان کاتدا بە شان و باڵی سەرەك هۆز و دەرەبەگ و پیاوانی ئایینیی کوردا هەڵی دەدا. بروسکەکانی موستەفا کەمال بۆ سەرەك هۆزو و دەرەبەگ و مەلا و پیاوە ئایینییەکانی کورد کە تێیاندا باسی مەردایەتی و نیشتمانپەروەری و خزمەتکردنی دەروازەی بالآ و ئیسلامی دەکردن نموونەی دووڕوویی و خاپاندنن. هەروەها لە سالآنی ململانێ و بەربەرەکانیدا گەلێ جار ئاماژەی بە کورد و مافەکانی برایانی ئاین کردووە، بەلآم وتەکانی هەمیشە تەماوی و گشتیی بوونە کە لێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگرن.

لەگەڵ هەموو هەوڵ و کەڵەکەبازییەکانیاندا بۆ خاپاندنی کورد و کات قازانج کردن کەمالییەکان نەیانتوانی ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان لە سیاسەتمەدارانی کورد لەوە زیاتر بشارنەوە و بۆچوونە ڕەگەزپەرستییەکانیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ روون دەبوونەوە بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە (کۆمەڵەی ئازادی کوردستان) یان لە ساڵی 1922 دامەزراند.

هەر لە دوای وەدەرنانی داگیرکەرانی بیانی و نەمانی پێویستی بە پشتگیری، یا هیچ نەبێ بێدەنگیی کورد، کەمالیان ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان ئاشکرا کرد و کەوتنە شەڕ فرۆشتن بە کورد و داننەنان بە هەبوونیاندا. ئاشکرایە کە سوپا دوای بردنەوەی شەڕ و رزگارکردنی ولآت لە داگیرکەران بوو بە هێزی سەرەکی و خاوەن بڕیار لە دارشتنی سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوەی تورکیادا. لە دەستپێکەوە هەر سوپا بەخۆی سیاسەتی دەوڵەتی بەرامبەر بە کورد و داخوازییەکانی دەستنیشان کرد. بۆ یەکەمین جار لە ئەیلوولی 1923 دا، واتە پێش ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا، ڕۆژنامەی (ڤارلیك Varlik) ، کە سوپای تورك لە ئەرزەرۆم بلآوی دەکردەوە و ئاوێنەی دید و بۆچوونی جەنەراڵەکان بوو، کە تاوەکو ئەورۆش هێزی سەرەکی خاوەن دەسەلآتن لە تورکیادا، هیمە (بناخە) گشتییەکانی هەڵوێستی دەوڵەتی لە بەرامبەر کورد دەستنیشان کرد.

لە بەر ئەوەی هەڵوێستی ڕەسمیی تورك بەرامبەر بە گەلی کورد و داخوازی و مافە نەتەوەییەکانی لە ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە تاوەکو ئەورۆ لە لایەن سوپاوە لە گۆڕ بۆچوونەکانی ئەو ڕۆژنامەیە داڕێن دەکرێ، خۆم ناچار دەبینم ئاماژە بۆ هەندێ لە برگەکانی ئەو وتارە بکەم.

لەو وتارەی (Varlik) دا ئەم بۆچوونانە دەخوێنینەوە (لە ڕاستیدا گەلێك بە نێوی کورد نیە، لێرەدا باس لەو تورکانە دەکرێ کە لە ڕۆژهەلآتی ولآت لە نێوچە چیاییەکان نیشتەجێ بوونە و بەهۆی نەزانی و نەفامی مێژووییانەوە ئەم نێوە پڕ لە شەرمەزارییە " کورد" هەڵدەگرن. هەموو ئەو مرۆڤانەی لە سنووری تورکیا دەژێن بەبێ گوێدان بە باوەڕی ئاینی و بیر و بۆچوونی سیاسییان تورکن) . ڕۆژنامەکە ئەو هۆ و ئەگەرە مێژوویانەش وەبیر دێنێتەوە کە ئەم (تورکە شاخاویانە) یان لە سەرجەمی تورکانی دی دابڕیوە و پێش لە سەر ئەوە دادەگرێ کە هەندێ جیاوازیی بچووك و لاوەکی لە نێوان ئەمان و نەتەوەی دایکدا ناتوانن (یەکێتی مێژوویی نەتەوە) لاواز بکەن و فاکتەرە هاوبەشەکانی دروستبوونی نەتەوە لە نێوبەرن و بەرژەوەندی خێڵەکی و زمانەوانی و ئاینی بەسەردا زاڵ بکەن. لە کۆتایی وتارەکەدا ڕۆژنامەی (ڤارلیك) ئەو سیاسەتەش داڕێن دەکات کە دەبێ دەوڵەت بەرامبەر بەم (تورکە شاخاوییانە) پەیرەوی بکات بۆ ئەوەی لە نێو نەتەوەی دایکدا بتوێنەوە کاتێ دەڵێ (ئێستا لە سایەی سیستەمی کۆماریدا گەل پێشدەکەوێ و جیاوازییە بچووکەکان لە نێو دەچن و پەیوەندییە نەتەوەییەکان گەشە دەکەن و بە هێز دەبن ) .

بەو شێوەیە سوپای تورك فەرمانی خۆی بەرامبەر بە کورد دەرکرد و هەموو دەزگا و کاربەدەستەکان دەبوایە بەبێ یەك و دوو جێ بەجێی بکەن و لەم هەشتا ساڵەی رابردوودا هیچ دەزگا و سازییەکی دەوڵەت نەیوێراوە لەو ڕێبازە لابدات.

دەستووری یەکەمی کۆماری تورکیا کە لە ساڵی 1924 دانرا پرینسیپەکانی ئەو سیاسەتەی چەسپاند و هەبوونی کورد و عەرەب و لاز و چەرکەس. . تاد بە شێوەیەکی دەستووری سڕیەوە. تەنها بۆ نموونە لە ماددەی 88 دا نووسراوە (هەموو دانیشتوانی تورکیا بێ گوێدانە ڕەگەز و ئاین تورکن) و ماددەی دوویش دەڵێ (زمانی تورکی زمانی ڕەسمی دەوڵەتە) . هەموو ماددەکانی تری دەستوور تەنها باسی تورك و هاوولآتی تورك (نەك هاولآتی تورکیا) دەکەن. ئەوەی چاوێك بە دەستووری تورکیادا بخشێنێ وا تێدەگا کە تەنها تورك لەو ولآتەدا دەژێ. ئا بەو شێوەیە ئەو دەستوورە هەبوونی کوردی ڕەتکردەوە و ڕێگەی لە هەموو داخوازییەکی بۆ پاراستنی تایبەتمەندێتی و دامەزراندنی قەوارەی نەتەوەیی گرت و هەموو هەوڵێکی لەو بوارەدا بەکارێکی ناقانوونی پێناسە کرد و مافی سەرکوتکردنی بێبەزییانەی دا بە دەوڵەت. نووسەران و سەردارانی تۆرانی پێشوازییەکی گەرمیان لەم دەستوورە کرد و نووسەری تۆرانی بەرەگەز جولەکە تەکین

ئەلب (مۆئیز كۆهین) بە (هەنگاوێكی مەزنی) لە قەڵەمدا بۆ (ئامادەكردنی زەمینەی پێویست بۆ توانەوەی كەمینە نەتەوەییەكان لە نێو نەتەوەی توركدا) .

تەنانەت نێوی وڵاتەكەش كە پێشتر هەر بە دەوڵەتی ئۆسمانی یا دەوڵەتی عەلییەی ئۆسمانی نێو دەبرا كرا بە توركیا. ئەمەش نێوێكی ڕەگەزییە و لە گەڵ ڕاستیی ئەتنیكی و نەتەوەیی ئەو وڵاتەدا یەك ناگرێتەوە و هەبوونی كورد و گەلانی تری ناتورك، كە زیاتر لە سێ یەكی دانیشتوانی وڵات پێكدێنن، دەسڕێتەوە. بۆیەكا لە دەزگاكانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامە و گۆڤار و تەنانەت لێكۆڵینەوە زانستییەكانیشدا تەنها نێوی تورك و توركی بەرچاو دەكەون كاتێ باسی دانیشتوانی توركیا دەكرێ. تەنانەت لە ڕۆژنامە عەرەبییەكاندا كاتێ باسی كوردی توركیا دەكرێ زاراوەیەكی سەیری وەكو (كوردە توركەكان) بەكار دەهێنرێ. ڕەنگیێ ئەمە پێویستی بە هیچ ڕوونكردنەوەیەك نەبوایە كە نە كوردی تورك هەن و نە كوردی عەرەب و فارس، ئەگەر ئەم زاراوەیە لە لایەن هەندێ نووسەری كوردیشەوە بەبێ ئاگایی بەكار نەهێنرابان.

ئەم نموونە بچووكە دەتوانێ ناكۆكی و ئاڵۆزی نێوی ڕەگەزیی توركیامان هەندێ بۆ ڕوون بكاتەوە و ئەو ڕاستییە بخاتە ڕوو كە ئەو نێوە بە هیچ شێوەیەك لە گەڵ باری ئەتنیكی و نەتەوەیی توركیادا ناگونجێ.

هەرچەندە كۆماری توركیا لە مێژووی هەبوونیدا دوو دەستووری تریشی لە ساڵانی 1961 و 1982 دا بەخۆیەوە بینی، لێ سیاسەتی داننەنان بە هەبوونی گەلی كوردا و سەركوتكردنی هەموو بزاڤێكی كورد هیچ گۆڕانێكی بەسەردا نەهات وخاو نەبووەوە. بەپێچەوانەوە دەتوانین بڵێین كە گۆڕانكارییەكان لە دەستووردا زۆر جار بۆ ئەوە بوونە كە هەموو هەل و دەرفەت و كەلەبەرێك، كە لەوانەیە دانەرانی دەستووری یەكەم دەركیان پێنەكردبێ و بەسەریاندا تێپەڕیبێ، لە پێش كوردا دابخرێن. تەنها بۆ نمونە ماددەی 3 ی دەستووری ساڵی 1961 تەكەزی لە سەر ئەوە كردووە كە (دەوڵەتی تورك بە خاك و گەلەوە یەكەیەكە و بە هیچ شێوەیەك قایلی دابەشكردن نیە) . ڕوون وئاشكرایە كە كێ بیر لە دابەشكردنی توركیا دەكاتەوە. هەروەها ماددەی 57 ی هەمان قانوونی بناغەیی ئاماژە بە یەكێتی گەل و نیشتمان وەكو مەرجێكی سەرەكی ڕێگەدان بە پارت و ڕێكخراوە سیاسییەكان دەكا و دەڵێ (دەبێ بەرنامە و پرۆگرامی پارتە سیاسییەكان لە سەر هیمی یەكێتی و دابەشنەبوونی دەوڵەت و نەتەوە دابرێژرێن) . لێرەشدا دیسانەوە هەر مەبەست لە كوردە كە لە گۆڕ ئەو ماددانە بۆی نیە نەك تەنها داوای مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی و جودابوونەوە بكات، بەڵكو ناتوانێ تەنانەت داخوازی مافی ئۆتۆنۆمیش بكات چونكە نەتەوەی تورك یەكە و لە ژێر هیچ مەرج و بارێكدا و بەهیچ شێوەیەك قایلی دابەشكردن نیە.

هەر لەو بۆچوونە ڕەگەزپەرستانەوە ماددەی 68 ی هەمان دەستوور ئەو هاووڵاتیانەی (كە ناتوانن بە زمانی توركی بخوێنن و بنووسن بۆیان نیە خۆیان بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی مەزنی توركیا ناوزەد بكەن و هەڵبژێردرێن) . واتە ئەوانەی بە توركی نەیاندەزانی بخوێنن و بنووسن، كە لەو كاتەدا زوربەی كوردیان، بەتایبەتی لە گوندەكان، پێكدەهێنا، لە مافی خۆ بژارتن بێبەش كرابوون. لە گۆڕ ئەو دەستوورە وشەی (تورك) بە شێوەیەكی وا لێكدرابووەوە كە هەموو دانیشتوانی وڵاتی دەگرتەوە. ماددەی 54 تەكەزی لە سەر ئەوە كردبوو كە (هەموو كەسێ كە پەوەندی هاوڵاتێتی بە توركیاوە هەیە توركە) .

دوا دەستووریش كە لە ساڵی 1982 دانراوە و تاوەكو ئەوڕۆش كاری پێدەكرێ بریتیە لە چەسپاندنی دید و بۆچوون و سیاسەتەكانی سەركردە كودەتاچییەكانی 12 ئەیلوولی 1980. لەم چەند ساڵەی دواییدا گەلێ جار داخوازی گۆڕینی ئەم دەستوورە نادیموكراتییە، تەنانەت لە لایەن هەندێ لە كاربەدەستانی باڵای وڵاتیشەوە دەكرێ. گەلێ كەس لە توركیا و دەرەوەی توركیاش پێی وایە كە توركیا ناتوانێ لە پیادەكردنی ئەو دەستوورە بەردەوام بێ. وردبونەوە لەو گۆڕانكارییانەی لەم مانگانەی دواییدا لە هەندێ لە بەندەكانی دەستوری توركیا لە لایەن پەرلەمانەوە ئەنجام دەدرێ ئەوە دەردەخا كە گۆڕانكارییەكان شەكلین و هیچ لە بنەما سەرەكیەكان ناگۆڕن.

ئاشكرایە ئەم دەستوورە لە بارێكی سیاسی سەخت و دژواردا و بە ڕێگەی (بیروڕاوەرگرتنێكی گشتیدا !!) بەسەر خەڵكدا سەپێنرا. سەرباری هەموو هەوڵەكانی تۆقاندنی خەڵك و هەڕەشە و گوڕەشەی كودەتاچییەكان ڕێژەیەكی گرنگی دانیشتوانی كوردستان یا بەشدارییان لە ریفیراندۆمەكەدا نەكرد یا لە دژی دەنگیاندا. كورد هەر لە دەستپێكەوە ناوەڕۆكی نادیموكراتی و ڕەگەزپەرستی ئەو دەستوورەیان هەڵسەنگاند و ماددەكانی ڕاستی و دورستیی هەموو پێشبینییەكانیانی دەرخست. ماددەی 26 تەكەزی لە سەر (قەدەغەكردنی بەكارهێنانی زمانە بەندكراوەكان بۆ دەربڕینی دید و بۆچوون بە نووسین بێ یا بە گوتن) دەكرد. لێرەدا مەبەست لە زمانی

بەندكراو هەڵبەتە زمانی كوردییە. كوردناسێك لەم بارەیەوە بە سەرسووڕمانەوە دەپرسێ و دەڵێ (ئەرێ زمان چۆن قەدەغە دەكرێ؟ خۆ بێ زمان مرۆڤ نە دەتوانێ پەیوەندی بە خەڵكەوە بكات و نە تەنانەت هەبوونی خۆی پیادە بكات) .
ماددەی 228 یش هەموو (بڵاوكردنەوەیەكی بە زمانە بەندكراوەكان قەدەغە كرد) . تەنها نێوهێنانی زمانی كوردی لە لیستەی زمانە (بیانییەكان) دا لە ڕابەری سەرژمێری دانیشتوانی توركیا لە ساڵی 1985 بەس بوو بۆ ئەوەی 11 كەس لە ئەندامانی لێژنەی ئامادەكردنی ئەو ڕابەرە بدرێنە دادگای ئاسایشی دەوڵەت بە تاوانی (لاوازكردنی هەستی نەتەوەیی و پروپاگەندەكردن بۆ كوردایەتی) . ئا بەو شێوەیە هیچ گۆڕانێك لە سیاسەتەكانی دەوڵەتدا بەرامبەر بە كورد و گەلانی تری توركیا كە شایانی باسن بن ڕووی نەدا.
كاردانەوەو وەڵامی كورد لە بەرامبەر سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی كەمالییەكان لە دوو دەیەی یەكەمی تەمەنی كۆماری توركیادا لە زنجیرەیەك سەرهەڵدان و ڕاپەڕینی دژواردا كە ناوچەیەكی فراوانی باكوری كوردستانیان گرتەوە خۆی نواند. مەزنترین ئەو سەرهەڵدانانە ئەوەی ساڵی 1925 كە لە مێژوودا بە نێوی سەركردەكەیەوە شێخ سەعیدی پیران نێوی ڕۆیشتووە. ئەم ڕاپەڕینە مەترسییەكی ڕاستەقینە بوو بۆ ڕژێمی كەمالی كە هێشتا شوێن پێی خۆی بە تەواوی لە توركیا قایم نەكردبوو. حكوومەتی كەمالیش بە شێوەیەكی بێبەزییانە سەركوتی كرد و وەكو هەلێك لە ئاسمانەوە قوازتێوە بۆ لەنێوبردنی هەموو ئەوانەی گومانی بەرهەڵستی ڕژێمی نوێ و سەركردەی تاقانەیان لێدەكرا. هەروەها سەركوتكرنی سەرهەڵدانەكە و نەیارانی موستەفا كەمال هەلێكی لەبار بوو بۆ سەپاندنی ڕژێمی تاكە پارت (پارتی گەلی كۆماری) كە تاوەكو پاش شەڕی دووەمی جیهانی بەتەنیا و بێ ڕەقیب لە توركیادا فەرمانڕەوایی كرد.
كاربەدەستانی تورك هەموو ڕێگە و ڕێبازێكان بۆ سەركوتكردنی كورد و شێواندنی بزاڤەكەی و ڕەشكردنی سەركردەكانی بەكارهێنا و سڵیان لە بەكارهێنانی هیچ ئامرازێك نەدەكردەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانی خۆیان. تەنانەت سیخوری خۆیان بۆ گفت و گۆ بە نێوی حكومەتی بریتانیاوە دەناردە لای سیاسەتمەداران و سەركردەكانی كورد. هەروەها سەركردەی ڕاپەڕینەكە شێخ سەعیدی پیرانیان، كە تەنها بە هەڵكەوت و بەهۆی بەرپابوونی پێشوەختی ڕاپەڕینەكە و دەستگیركردنی سەركردە ڕاستەقینەكانەوە بەر لەوەی بگەنە ناوچەكانی سەرهەڵدانەكە، خۆی لە جێگەی كەسی یەكەمدا بینیەوە، دوای دیلكردنی قایل كرد بۆ ڕزگاركردنی سەری خۆی، كە بەدی نەهات، سروشتی نەتەوەیی وكوردایەتی بزاڤەكە بشێوێنێ و بانگەشەی ئەوە بكات كە ئەو وهەڤاڵەكانی بۆ ئیسلام و گەڕانەوەی خیلافەت و سەڵتەنەت سەریان هەڵداوە.
كاربەدەستانی تورك دەیانویست بەم كارەیان چەند ئامانجێكی گرنگ بپێكن. بەر لە هەموو شتێك ئەوان دەیانویست بیر و ڕای گشتیی لە ناوچەكە و جیهاندا لە دژی سەرهەڵداوان بورووژێنن بەوەی كە ئەمانە (بریتین لە كۆمەڵێ توندڕەوی ئیسلامی و وشكە درویش كە لە دژی چاكسازییەكانی كەمالییەكان ڕاپەڕیون و ئامانجیان ئەوەیە خیلافەت و سەڵتەنەت بگەڕێننەوە بۆ توركیا) . ئاشكرایە كە ئەو سەردەمە بیری نوێكردنەوە و خۆ ڕزگاركردن لە پاشماوە و شوێنەوارەكانی سەدەكانی نێوەڕاست باڵیان گرتبوو بە سەر بیر و هۆشی جەماوەرێكی فراوانی خودان پایە و دەسەڵاتدا لە ولاتانی ڕۆژهەڵات. هەروەها هێشتا یادەوەریە تاڵەكانی سەردەمی خیلافەت و سەڵتەنەت لای گەلانی ئەم ناوچەیە زیندوو بوون. بۆیەكا تاوانباركردنی سەرهەڵداوانی كورد بە هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی ئەو دەزگا بێزراوانە بەس بوو بۆ ئەوەی جەماوەرێكی فراوانی ناوچەكە و جیهان نەك هیچ پشتگیریەك پێشكەش بە ڕاپەڕینەكە نەكەن وتەنانەت هاوسۆزییەك لە گەڵ سەرهەڵداواندا نیشان نەدەن، بەڵكو گەلێ لایەنی سیاسی و دەزگای میدیا دوژمنایەتیانیش بكەن. ئەم بارەش هەلێكی زێرین بوو بۆ كەمالیەكان بۆ ئەوەی بە دڕەندەترین شێوە لە گەڵ سەرهەڵداواندا هەڵس و كەوت بكەن و كوردستان خەڵتان لە خوێن بكەن.
لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بۆ ڕاستییەكی مێژوویی بكەم، كە مخابن گەلێ جار بزاڤی نیشتمانی كورد پشتگوێی خستووە و بایەخێكی زۆری نەداوەتێ و بە هۆیەوە زیانی گەورەی لێكەوتووە، ئەویش ئەوەیە كە حكومەتە یەك لە دوای یەكەكانی تورك بە درێژایی ئەم سەدەیە تۆمەتەكانی لە دژی بزاڤی كورد و ڕێبەرەكانی لە گۆڕ پێداویستییەكانی ڕۆژ و دەم گۆڕیوە. هەڵبەتە جیاوازییەكی ئەوتۆ لەم بوارەدا وەكو هەموو بوارەكانی تر لە نێوان توركیا و داگیركەرانی تری كوردستاندا بەدی ناكرێ.
لە بیستەكانی سەدەی ڕابردوودا كاتێ بیری نوێخوازی و مۆدێرنیتە و گەشەكردن و خۆ ڕزگاركردن لە كۆت و زنجیری سەدەكانی نێوەڕاست باڵیان بە سەر بیر و هۆشی خەڵكدا گرتبوو، كورد بە دواكەوتوخوازیی و كەلەڕەقیی و دەمارگیریی ئاینی تاوانبار كران. لە گەڵ دەستپێكی شەڕی ساردا تۆمەتی كۆمۆنیزم سەپێنرا بە سەر بزاڤی كوردا و یەخەی لە یاخەی نەدەكردەوە، هەرچەندە لە گەڵ

www.kurdistannet.org
22/07/2003 01:54

تۆمەتەکەی پێشوودا، کە تەنها چەند ساڵێکیان لە نێواندا بوو، بەتەواوی دژبەر و ناکۆك بوون. هەر کە دیاردەکانی پیریسترۆیکا و گلاسنەست و تیکشکانی کۆمۆنیزم سەریان هەڵدا و ئیدی ئەو تۆمەتە سەرنجی هاوپەیمانانی ڕۆژئاوایی وەکو جاران ڕانەدەکێشا، کاربەدەستانی تورك کەوتنە خۆیان بۆ ئەوەی تۆمەتێکی تر بدۆزنەوە کە نامۆ و ناکۆك بێ لە گەڵ بەها و نرخەکانی سەردەمدا، ترسکاری (تیرۆر) یش نامۆترین و گەندەڵترین دیاردە بوو بە سەردەمی مافی مرۆڤ و دیموکراسی و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە و ئەوە بوو کە تورك بۆی دەگەڕا و بڕی بە باڵای بزاڤی نیشتمانی کوردا. بەرگریکردن لە بەرامبەر ترسکاریی هەموو پاکانەیەکی بۆ سیاسەتی سەرکوتکەردنی کورد و وێرانکردنی کوردستان دەکرد کە دەوڵەتی تورك لەم پازدە ساڵەی ڕابردوودا پیادەی کردوە.

لە گەڵ هەموو هەوڵ و تەقەلاکانی کاربەدەستانی تورکدا بۆ دروستکردنی بەڵگە و نیشانە بۆ تاوانبارکردنی سەرهەڵدانی ساڵی 1925 بەوەی کە گوایە پەیوەندی بە هێزە کۆلۆنیالییە ڕۆژئاواییەکانەوە بە تایبەتی بە بەریتانیاوە هەیە، کە هێشتا کێشەی مووسڵی لە گەڵدا یەکلا نەکرابووەوە، سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا. لێ یارمەتی کاربەدەستانی فەرەنسا لە سوریا کە ڕێگەیان دا بە سوپای تورك هێزەکانی بە سوریادا بگوێزێتەوە و پشت لە سەرهەڵداوان بگرێ و هێزی سەرەکی ڕاپەڕینەکە تێکبشکێنێ لای هەمووان ئاشکرایە. ئەمە لە کاتێکدا هیچ بەڵگەیەك بە دەستەوە نیە کە ئینگلیز هیچ یارمەتییەکی بە سەرهەڵداوان پێشکەش کردبێ. ئەم ڕاستییەش ئەوە دەردەخا کە سیاسەتی کەمالیان، نەك هەوڵەکانی کورد لە بەرژەوەندی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بوو. ئەم دەوڵەتانەش بەباشی سروشتی ڕژێمی کەمالییان نرخاند بوو و پێشبینی ئەوەیان کردبوو کە بە هەموو پێوانێك دەبێ هەر لە تەك ئەمان نەك دوژمنی دیرۆکی تورکیا، ڕووسیا جێگەی خۆی بگرێ.

لە دوای سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی ساڵی 1925 و ئەوانی دوای ئەویش لە ساڵانی 1927–1932 و 1937–1938 دەوڵەتی تورك بەردەوام سیاسەتی ستەم و زۆرداری و ڕەگەزپەرستیی لە بەرامبەر کورد پیادە دەکرد، کە قڕکردنی دانیشتوانی کورد، بە کۆمەڵ لە سێدارەدانی سیاسەتمەدار و سەرکردە نیشتمانپەروەرەکانی، سوتاندنی گوند و کیڵگە و مەزراکانی، ڕاگوێزانی سەدان هەزار مرۆڤی کورد لە زێدی باو باپیرانەوە بۆ ڕۆژئاوای تورکیا و نیشتەجێکردنی تورکەکانی بەلقان لە کوردستان گرنگترین ئەڵقەکانی بوون. شان بەشانی هەموو ئەو زۆرداریانە سیاسەتی نکۆڵی کردن لە کورد و کوردستان و هەوڵی سڕینەوەی هەموو پاشماوە و شوێنەوارێکی مێژوویی و کولتووری ئەم گەلە بە بێ پسانەوە بەردەوام بوو. هەموو دەزگاکانی دەوڵەتی تورکیا بە جۆشێکی مەزنەوە هەوڵی جێ بەجێکردنی بەندەکانی ئەم سیاسەتەیان دەدا. سوپای تورك کوردی سەرکوت دەکرد و کوردستانی وێران دەکرد و قوتابخانەکانی دەوڵەت و دەزگاکانی تری فێرکردن کوردیان بە تورك دەکرد و کەسایەتی نەتەوەییان دەشێواند و مرۆڤێکی بێ ڕەنگ و ڕوویان لێ دروست دەکرد. دەزگا (زانستییەکان) یش هەوڵێکی زۆریان دەدا بۆ ئیسپات کردنی چمکێك، کە بە هیچ شێوەیەك ئیسپات نەدەکرا، ئەویش ئەوەیە کە ئەم (کوردانە تورکن ڕێگەیان گوم کردووە و دەبێ بگێڕدرێنەوە باوەشی نەتەوەی دایك و تێیدا بتوێنەوە، ئەگەر نا دەبێ لە نێو ببرێن) . ئەو سەردەمە بە کوژاندنەوەی ئاگری ڕاپەڕینی دەرسیم لە ساڵی 1938 دا کۆتایی پێهات، کە زانای خاوەن هەڵوێست و مرۆڤدۆستی تورك ئیسماعیل بێشکچی بە سیاسەتی جینۆسایدی دادەنێ. وەکو دەزانین کاربەدەستانی تورك دوای کوژانەوەی ئاگری ئەو سەرهەڵدانە (موژدەی) ئەوەیان بە خەڵك ڕاگەیاند کە (یاخیبوون و ئاژاوەنانەوەی کورد بۆ هەمیشە و هەتا هەتایە لە گۆڕ نرا) . ڕۆژنامەوانانی تورکیش بۆ دەربڕینی دڵخۆشیی خۆیان بەم (بۆنە مێژوویی) ەوە وێنەی گۆڕێکی کوردیان بڵاوکردەوە کە لە سەری نووسرابو (ئا لێرەدا خەونی کوردستانی سەربەخۆ نێژرا) . وەزیری نێوخۆی تورکیاش ڕایگەیاند (ئیدی لە ئەمڕۆوە کێشەیەك بە نێوی کێشەی کورد لە تورکیادا نیە) .

دەبێ مرۆڤ دان بە ڕاستیدا بنێ کە دەست وەشاندنەکە پشتشکێن بوو و بزاڤی نیشتمانی کورد لە باکووری کوردستان بۆ دەمێکی درێژ، نزیکەی دوو دەیە، نوزەی لێ بڕا. لە چلەکان و پەنجاکاندا هیچ جم و جوولێکی سیاسی و ڕۆشنبیری کوردیی بەرچاو لە تورکیا نابینرێ.

هاریکاری لە نێوان دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستاندا ڕۆڵێکی دیاریان هەبوو لە تێکشکانی هەوڵە ڕەواکانی کوردا بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی. سەدەی ڕابردو بەتایبەتی لە نیوەڕاستی بیستەکانەوە و تاوەکو ئەوڕۆ مۆرکردنی دەیان ڕێککەوتننامە و پەیماننامەو پرۆتۆکۆلی سنووری و گێڕانەوەی (تاوانکاران) ی دوو قۆڵی و چەند قۆڵی لە نێوان دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستاندا بە چاودێری و پیرۆزبایی دەوڵەتە مەزنەکان بە خۆوە بینیوە. تەنها بۆ نموونە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا دوا ڕێککەوتننامە سنوورییەکان لە نێوان تورکیا

و سوريا و و توركيا و ئێراندا لە دژی پارتی كرێكارانی كوردستان مۆر كران. بابەتی دژایەتی و لەنێوبردنی هەموو هەوڵێكی كورد لە هەر جێگەیەك بیٚ بەندێكی سەرەكی و هەمیشەیی هەموو ئەو رێككەوتننامە و پەیماننامانە بووە.

هەرچەندە كۆتایی شەڕی دووەمی جیهانیی و تێكشكانی بیر و بۆچوونی نازیزم و فاشیزم و میلیتاریزم موژدەی سەردەمێكی نوێیان ڕادەگەیاند، كە دەبوایە سەردەمی سەروەریی بەها و نرخە مرۆڤانییەكان بوایە، لیٚ مخابن ئەوەی لەو هەموو گۆڕانكارییە گەیشتە توركیا تەنها ڕژێمی بەنێو فرە پارتایەتی بوو، كە هەر دەبوایە تەنها لە چوارچێوەی دید و بۆچوونی كەمالیدا بوایە نەك لە دەرەوەی ئەو بیرە. ئەم ڕژێمە نوێیە هیچی بۆ كورد پیٚ نەبوو تەنها ئەوە نەبیٚ كە دەنگی كوردان لە كاتی هەڵبژاردندا بوو بە فاكتەرێكی گرنگی ململانیٚ لە سەر دەسەڵات. لە كاتی هەڵبژاردنەكاندا پارتەكان هاوڵاتییە كوردەكانیان وەبیر دەكەوتەوە و پەیمانی زۆریان دەدا بۆ چاككردنی باری ژیان لە (ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ) ، لیٚ هەر دوای تەواوبوونی بگرە و بەردەی هەڵبژاردن هەموو سۆز و پەیمان و تەنانەت ڕۆژهەڵاتی ولاتیش لە بیر دەكران. بە هۆی باری دواكەوتووی كوردستان و كۆمەڵی كوردەواری و پەیوەندیی خێڵایەتیەوە تەنها سەرەك هۆز و دەرەبەگ و شێخەكان كەڵك و سوودیان لەم گۆڕانكارییانە وەرگرتوو و تۆڕی تێكەڵیان لە گەڵ دەسەڵاتدارانی توركیادا دامەزراند و دەستیان تێكەڵ كرد. كاربەدەستانی توركیا كەوتنە پیادەكردنی سیاسەتێكی دوو سەرە لە گەڵ كوردا. لە لایەكەوە كەوتنە دڵدانەوەی ئاغا و دەرەبەگ و سەرەك هۆزانی خۆفرۆشی كورد و دەنگی خەڵكی بندەستیان لێدەكڕین وپێگەی كۆمەڵایەتی و ئابوورییانیان لە كوردستاندا بە هێز دەكرد. لە لایەكەی دیدیوە ئەو كاربەدەستانە بەردەوامبوون لە پیادەكردنی سیاسەتی چەوسانەوەی نەتەوەیی و ستەمكاری بەرامبەر بە جەماوەری فراوانی كۆمەڵی كوردەواری كە مەینەتی و دەردەسەرییەكی زۆریان بە دەستیانەوە دەبینی.

كورد لە ساڵی 1950 دا دەنگی دا بە پارتی دیموكرات، نەك لە بەر ئەوەی ئەو پارتە و پرۆگرامەكەی یۆ هەڵبژاردن زۆر بەدڵ بوو، بەڵكو لە ڕقی پارتی گەلی كۆماریدا كە بۆ زیاتر لە چارەكە سەدەیەك (1923 – 1950) سیاسەتێكی ڕەگەزپەرستانە و ستەمكارانەی توند و تیژی لە دژی گەلی كورد پیادە دەكرد.

هەڵبژاردنی 1950 ئەو ڕاستییەشی خستە ڕوو كە سیاسەتی تواندنەوە و سەركوتكردنی كورد كە پارتی گەلی كۆماری لەو دەمە درێژەدا پەیرەوی كرد، هەرچەندە لە دوا پێنج ساڵی فەرمانڕەواییدا گەلیٚ دڵنەوایی ئاغا و سەرەك هۆز و دەرەبەگە كوردەكانی دەدایەوە و فشاری لە سەریان ڕادەكرد لە كاتێكدا بە هەمان توند و تیژی جاران لە گەڵ جەماوەری فراوانی كوردا هەڵس و كەوتی دەكرد، تووشی شكستی هات و نەیتوانی بگات بەو ئامانجانەی بۆی دەستنیشان كرابوون.

نوێنەرانی پارتی دیموكراتی لە كاتی كەمپانیای هەڵبژاردندا بەهەموو لایەكدا گفت و پەیمانی دابەش دەكرد كە هەموو دانیشتوانی وڵات بە یەك چاو سەیر دەكا و ئەگەر دەسەڵات بگرێتە دەست ئەوا هەوڵ دەدا ولایەتەكانی ڕۆژهەڵاتی توركیا بووژێنێتەوە. هەرچەندە ئەم پارتەش هەر دەستی لە دەسەڵات گیر بوو، ئەو گفتانەی لە بیر كرد، لە گەڵ ئەوەشدا ڕەوشی سیاسی توركیا لە نیوەی دووەمی پەنجاكاندا هەندیٚ خاوبوونەوەی بە خۆوە بینی و، نیشتمانپەروەرانی كورد هەوڵیاندا ئەم بارە نوێیە بۆ پێشخستنی دۆزی نەتەوەیی كورد بەكار بێنن لە ڕێگەی بڵاوكردنەوەی هەندیٚ ڕۆژنامە و گۆڤارەوە بە زمانی توركی. لە وتارەكانیاندا داوایان لە دەوڵەت دەكرد دەست لە سیاسەتی پشتگوێ خستنی ناوچە كوردییەكان هەڵبگریٚ و ڕێگە لە بەردەم پێشكەوتنیاندا بكاتەوە. كاردانەوەی حكوومەت زۆر خێرا بوو و یەكسەر 49 سیاسەتمەدار و ڕۆژنامەنووس و قوتابی كوردی لە 17 دیسەمبەری 1959 دا گرت كە بە دۆزی چل و نۆ كە لە مێژووی هاوچەرخی توركیادا نێوی ڕۆیشتوە. نووسەری ناسراو و شەهیدی وشەی كوردیی موسا عەنتەر یەكیٚ بوو لەو 49 كەسە كە بە تۆمەتی (چالاكیی كۆمۆنیستیی و كاری روخێنەر و هەوڵی پارچەكردنی وڵات) لە زیندان قایم كران. ئەو كاتە لە گۆڕ سیاسەتی تورك و پێداویستییەكانی شەڕی سارد هەموو بزاڤ و جم و جووڵێكی كورد بە چالاكی و پروپاگەندەی كۆمۆنیستی تاوانبار دەكرا.

یەكەمین كودەتای سەربازی لە توركیا لە 27 ئایاری 1960 دا كۆتایی بەو سەردەمە سیاسییە هێنا و ڕێگەی لە بزاڤی دیموكراتی و كوردیی بری (سەركردەكانی كودەتاكە گەشەكردنی چالاكیی سیاسیی كوردیان وەكو هۆیەك پیشاندا بۆ دەستگرتن بە سەر دەسەڵاتدا) .

لەو كاتەوە كودەتای سەربازیی (دوو كودەتای تر لە ساڵانی 1971 و 1980 دا ڕوویاندا) بوو بە سیما و دیاردەیەكی سەرەكی ژیانی سیاسی توركیا. هەر كە هێز و ڕێكخراوە دیموكراتی و چەپەكان و لە گەڵ ئەوانیشدا بزاڤی نەتەوەیی كورد پەرەیان دەسەند و جەماوەریان لە دەور كۆ دەبووەوە، سەركردایەتی سوپا دەستە ڕەگەزپەرستە ڕاستڕەوەكانی دەجووڵاند بۆ ئەوەی ئاژاوە و بەیەكدادان بنێنەوە و توند و

تیژی و ترسکاری لە زانکۆ و شارەکاندا بلاوبکەنەوە. کار دەگەیشتە ئەوەی زانکۆ و شارەکان وەکو گۆڕەپانی شەڕیان لە نێوان ڕاستڕەوان و چەپەکاندا لێدەهات و شیرازەی ژیان تێکدەچوو. ئەو دەمە جەنەراڵەکان، کە بە خۆیان ڕۆڵی سەرەکیان لەو کەین و بەینەدا دەبینی، وەکو فریشتەی ڕزگار کەر بۆ پاراستنی (یەکێتی ولات و هێمنی و ئاسایشی) دانیشتوان، دەستیان بە سەر دەسەلاتدا دەگرت و دەکەوتنە گیانی هێزە دیموکراتی و چەپاکان و بزاڤی نیشتمانی کورد، بێ ئەوەی هیچ زیان بگەیەنن بە دەستە ڕەگەزپەرست و ڕاستڕەوەکان.

دوای ئەوەی ئەم شانۆگەرییە بۆ سێ جار لە ماوەی بیست ساڵدا ڕووی داو ئیدی کەس نە لە تورکیاو نە لە دەرەوەی تورکیا باوەری پێی نەدەهێنا، جەنەراڵەکان بڕیاریاندا ڕاستەوخۆ کۆنترۆڵی کارو باری ولات بکەن و گۆڕانکاری وا لە دەستووردا بکەن کە پێشهات و چارەنووسی تورکیا بگرنە دەستی خۆیان. هەر ئەمەش بوو دوای کودەتای 12 ئەیلوولی 1982 لە تورکیا جێ بە جێکرا. تاوەکو ئێستاش سوپا لە ڕێگەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ( MGKیەوە)، خاوەن دەسەلاتی ڕاستەقینەیە لە تورکیا و هیچ کەسێ لە سەرەك کۆمار و سەرەك وەزیرانەوە بگرە تا دەگاتە سەرۆکی پارتە سیاسییەکان و دادوەر و بچووکترین کاربەدەستانی ولات ناوێرێ لە قسەی ئەو ئەنجومەنە دەرچێ و ملکەچی بڕیارەکانی نەبێ.

ئەوەی لە بواری کودەتا سەربازییەکاندا بۆ ئێمە گرنگە و پەیوەندی بە دۆزی کوردەوە هەیە ئەوەیە کە سەرانی یەکەمین کودەتا هەر لە دەسپێکەوە دلسۆزی و ملکەچی خۆیان بۆ سیاسەتی چەوسانەوە و سەرکوتکردنی کورد ڕاگەیاند. تەنها چوار ڕۆژ دوای کودەتاکە ڕۆژنامە تورکییەکان ڕایانگەیاند کە گوایە کۆمیتەی یەکێتی نەتەوەیی (ئەو کۆمیتەیە لە لایەن کودەتاچییەکانەوە بۆ بەڕێوەبردنی کارو باری ولات دامەزرێنرا بوو) بەلگەی وای لە ژێر دەستدایە ئەوە دەردەخەن کە گوایە هەندێ لە ئەندامانی پارتی دیموکراتی فەرمانڕەوای پێشو خەریکی پلان دانان بوونە بۆ دامەزراندنی دەولەتی کوردستانی سەربەخۆ. هەروەها ئەو ڕۆژنامانە موژدەی ئەوەیان بە خوێنەران دا کە کۆمیتە کۆتایی بەو چالاکییانە هێنا کە هەولیان دەدا تورکیا پارچە پارچە بکەن و کۆمیتە دروشمی (تورکیا بۆ تورکە بە زۆر دەسەپێنێ بە سەر ئەوانەدا کە بە جۆرێکی تر بیر دەکەنەوە و باوەڕیان بەو دروشمە پیرۆزە نیە) . نووسەری کوردی تورکزمان یەشار کەمال کە دوای کودەتاکە چاوی بە جەنەراڵەکان کەوتبوو ڕایگەیاند کە (ئەمانە لە دۆزی کوردا ڕێبازێکی نەتەوەپەرستانە پەیڕەو دەکەن) .

هەروەها ڕێبەری کودەتاکە جەمال گیۆرسل بڕیاریدا بەخۆی دلسۆزیی ڕژێمی نوێ بۆ سیاسەتی چەوسانەوەی کوردان ڕابگەیەنێ و شاری ئامەدی هەلبژارد بۆ ئەوەی بۆچوونە ڕەگەزپەرستییەکانی بە گەلی کورد ڕابگەیەنێ. گیۆرسل لە کۆبوونەوەیەکی گشتیدا لە شاری ئامەد ڕایگەیاند کە ئەو خاکەی زیا گیۆك ئەلپی، کە یەکێك لە ئافرێنەرانی سەرەکی بیری تورکچێتی یە، لێ پەیدا بووە قەت ڕێی تێناچی خاکی کوردان بێ. بە بۆچوونی گیۆرسل نەك هەر لە ئامەد بەلکو لە هیچ ویلایەتێکی تری ڕۆژهەلاتی تورکیا کورد ناژێن و ئەوانەی باسی هەبوونی کورد لە تورکیا دەکەن بە بۆچوونی ئەو (دەیانەوێ دووبەرەکی بخەنە نێو ڕیزەکانی یەك نەتەوەوە) . جەنەراڵ ئەوەشی لە بیر نەکرد چاو لە کورد سوور بکاتەوە و هەڕەشەی ئەوەیان لێ بکات کە بە توندیی سزا دەدرێن ئەگەر لە ڕێگەی تورکایەتی لابدەن و لە دژی یەخسیرکەرەکانیان ڕابوەستن. گیۆرسل و هاوبیرەکانی زوو زوو ئەوەشیان ڕادەگەیاند گوایە ڕژێمی جەلال بایار و عەدنان مەندەریس چاویان لە چالاکی سیاسیی کوردان پۆشیوە، هەرچەندە ئەو ڕژێمەش هیچ کاتێ دریغی نەکردبوو لە چەوسانەوەو سەرکوتکردنی کورداندا. سەرانی کودەتاکە لە ڕەگەزپەرستیدا کەس نەبوو شان لە شانیان بدات و بیرۆکەی سەیر و سەمەرەیان بلاو دەکردەوە. تەنها بۆ نمونە بە لێکدانەوەی گیۆرسل ئەگەر تورکیا دەست لە سیاسەتی ڕەگەزپەرستیی و تواندنەوەی دانیشتوانی ناتورك هەلبگرێ، ئەوا دوور نیە لە ماوەی 50 ساڵدا نەتەوەی تورك سەری تێدا بچێ و نەمێنێ. ڕۆژنامەو گۆڤارە تورکییەکانی ئەو دەمەی تورکیا پڕن لە بیر و بۆچوونی گەندەل و نامرۆڤانەی لەو جۆرە.

تەنها 5 ڕۆژ دوای کودەتاکە 485 کورد دەستگیر کران و لە سیواس خرانە زیندانەوە. هەروەها ڕژێمی نوێش کەوتە ڕاگوێزانی ئەو بنەماڵە کوردانەی کە جێگەی گومانی کاربەدەستان بوون بۆ ڕۆژئاوای تورکیا یا لە پایگە و کۆمەلگای زۆرەملێدا کۆدەکرانەوە کە زیاتر لە زیندان و پایگەی مردن دەچون. سەیر و سەمەرە لەوەدایە کە چ لە تورکیا و چ لە دەولەتانی تری داگیرکەری کوردستان نێوێك لەم شوێنانە دەنێن کە بە هیچ شێوەیەك لە دوور و نزیکەوە پەیوەندی پێیانەوە نیە ئەویش (کۆمەلگا یا گوندی هاودەم و مودێرن !)

. هەروەها لە ساڵانی 1959 – 1965 گەلیّ ڕووناکبیر و سیاسەتمەداری کورد درانە دادگا و خرانە زیندانەوە و لە هەندیّ ناوچە و شاری کوردستانیشدا جم و جووڵ و چالاکیی بەرچاو لە دژی کودەتاچییەکان بەرپابوون بەتایبەتی لە مێردین.

لە ساڵی 1961 دا دەستوورێکی نویّ لە تورکیا کەوتە کارەوە. ئەم دەستوورە دەبوایە سیاسەتەکانی ڕژێمی نویّ، کە بەرامبەر بە کورد هەر هەمان سیاسەتی ڕەگەزپەرستیی جاران بوو، لە وڵاتدا پیادە بکات.

داخوازیی یەکیّ لە ئەندامانی لێژنەی دەستوور، مێژوونووسی نێوداری تورك تاریق زەفەر تونەیا، بۆ یەکسانیی زمانەکان لە تورکیا بەس بوو بۆ ئەوەی سەرۆکی لێژنەکە ڕاپۆرتی لیّ بنووسیّ بۆ سەرانی کودەتاکە و لە گەڵ ئەندامێکی تردا لە لێژنەکە دەربکریّ.

لە گەڵ ئەوەشدا نە بە هەڕەشە و تۆقاندنی کودەتاچییەکان و نە لە ڕێگەی بەندەکانی دەستورەوە نەدەکرا کوردی تورکیا بە دوور بگیرێن لەو پێشهاتەچوونانەی لەو دیوی سنوور ڕوویان دەدا. مەبەست ڕووداوەکانی شۆڕشی ئەیلوولە لە کوردستانی عیراق.

وەکو هەموو دەزانین ڕژێمی نوێی عیراق کە لە دوای کودەتای 14 تەمووزی 1958 هاتە کایەوە لە دەستووری کاتیدا دانی بە ڕاستییەکی مێژوویيدا نا، بیّ ئەوەی لە ژیاندا کاری پێبکات، مەبەستم بەندی سێیەمینی دەستووری کاتیی عیراقە کە کورد و عەرەبی بە هاوبەش لە عیراقدا ڕاگەیاند، هەرچەندە بەندی دووەمی هەمان دەستور کە عیراقی بە بەشێك لە نەتەوەی عەرەب دەژمارد، بەندی سێیەمی پوچ دەکردەوە. ئەمە و چەند هەنگاوێکی تری ڕژێمی نویّ وەکو دەرچوونی عیراق لە پاکتی بەغدا (دوای دەرچونی عیراق نێوی بو بە (CENTO) و بەهێزکردنی پەیوەندیی لە گەڵ بەرەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپادا ڕق و کینەی تورکیایان لە ڕژێمی قاسم هەڵساندبوو و کەوتبووە دوژمنایەتی کردنی و ئامادە بوو بە هاوکاری دەزگا و دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان بەتایبەتی کۆمپانیای نەوتی عیراق IPC هەرچی پێدەکریّ بۆ لاوازکردن و ئێشاندنی ئەو ڕژێمە بیکات. پەنجەی گومان و تاوانباری هەر ڕووی لە تورکیا و ئەو کۆمپانیایە بوو بۆ نانەوەی گۆبەنی کەرکوك لە تەمووزی 1959 دا، واتە تەنها چوار مانگ دوای دەرچوونی عیراق لە پەیمانی بەغدا. هەروەها تورکیا و ڕۆژئاوا کەوتنە خۆیان بۆ لە نێوبردنی ئەو ڕژێمە دوای ئەوەی قاسم پشتگیریی جەماوەرانی خەڵکی لە دەستدا بە هۆی نەفامی و سەرکەشی سیاسی و شەڕی ستەمکارانەیەوە لە دژی گەلی کورد لە باشووری کوردستان. ئەوە بوو بە هاریکاریی هەموو ئەو لایەنانە لە 8 شوباتی 1963 دا ڕژێمی خوێناوی بەعس دەسەڵاتی لە عیراقدا گرتە دەست.

بە هۆی سیاسەتە نادیموکراتی و شۆڤێنییەکانی قاسمەوە بەتایبەتی بەرامبەر بە گەلی کورد لە 11 ئەیلوولی 1961 بزاڤێکی چەکداریی لە کوردستانی عیراق بە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ژێر دروشمی (دیموکراتی بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان) دەستی پێکرد. هەموو هێزە نیشتمانییەکان لە کوردستانی عیراق لە دەوری ئەو بزاڤە کۆبوونەوە. سەرهەڵدانی کوردی عیراق کاری کردە سەر هەموو کورد لە بەشەکانی تری کوردستاندا، کە لە گەڵ هەموو چەوسانەوە و سەرکوتکردنی داگیرکەراندا، هەوڵیان دەدا هاوسۆزیی خۆیان بۆ براکانیان لە عیراق نیشان بدەن و دەستی یارمەتیان بۆ درێژ بکەن. بەدەیان کوردی نیشتمانپەروەری بەشەکانی تری کوردستان خۆیان گەیاندە نێوچەکانی شۆڕش و لە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا بەشداری ئەو شۆڕشەیان دەکرد.

لە ژێر باندۆری شۆڕشی ئەیلوولدا هەست بە جم و جووڵێکی سیاسی و ڕۆشنبیریی کوردیی بەرچاو لە تورکیا دەکرا، کە لە دامەزراندنی پارتی سیاسی نهێنی کوردیدا خۆی نواند (لە نێوەڕاستی شەستەکاندا پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا لە لایەن پارێزەر فایق بوجاقەوە کە لە ساڵی 1967 کاتیّ نوێنەری ئورفە بوو لە پەرلەمانی تورکیادا کوژرا. ئەم پارتە لە ساڵی 1970 کۆنگرەی یەکەمی خۆی بەست) .

لە هەمان کاتدا هەندیّ ڕێکخراوە و کۆمەڵی تر نەك لە ژێر ناوی کوردا، هەرچەندە زوربەی هەرە زۆری ئەندامەکانیان کورد بوون، چالاکی سیاسی و کولتووری ئاشکرایان دەکرد، وەکو کۆمەڵەکانی ناوەندی کولتووری شۆڕگێری ڕۆژهەڵات کە زیاتر بە نێوە کورتکراوەکەیەوە ( (DDKOدەناسریّ. ئەندامانی ئەم ناوەندانە بریتی بوون لە خوێندکارە کوردەکانی زانکۆکانی تورکیا کە هەموویان هەڵگری بیر و بۆچوونی چەپ بوون و لە دژی چینە دەسەڵاتدارەکانی تورکیا و نۆکەرەکانیان لە کوردستاندا کە ئاغا و دەرەبەگ و سەرەك هۆزەکان بوون، دروشمیان هەڵدەدا و خەباتیان دەکرد. ئەم کۆمەڵانە کە ژمارەی ئەندامەکانیان دەگەیشتە 20 هەزار کەسێك زنجیرەیەك گردبوونەوەی جەماوەرییان لە نیوەی دووەمی شەستەکاندا، کە بە (میتینگەکانی ڕۆژهەڵات) نێویان لە مێژوودا ڕۆیشتووە، لە شارەکانی کوردستاندا سازدا. زانای تورك ئیسماعیل بێشکچی هەر ئەو کاتە یەکێك لە کتێبەکانی بۆ لێکدانەوەی نێوەڕۆکی کۆمەڵایەتی

و دروشمەکانی ئەو میتینگانە تەرخان کرد. دروشمەکانی ئەو گردبوونەوانە داوای ئەوەیان دەکرد کە دەوڵەت دەست لە سیاسەتی پشتگوێخستن و هەژارکردنی نێوچە کوردییەکان هەڵبگرێ و لە جێگەی کردنەوەی بارەگای سوپا و ناوەندی ژاندارم و پۆلیس و زیندان، قوتابخانە و نەخۆشخانە بۆ خەڵکی ناوچەکە دروست بکات. تەنها بۆ نمونە یەکێك لە گوتەبێژەکانی ئەو گردبوونەوانە ئاماژەی بەوە کرد کە دەوڵەت دەیەوێ زیندانێ لە هەکاری دروست بکات کە بە گەورەترین پرۆژە دەژمێردرا لەو ویلایەتەدا. لە کاتی ئەو میتینگانەدا بە توندی لە دژی ئاغا و دەرەبەگە کوردەکان، کە بووبوونە ئامراز و داردەستی دەسەلاتی داگیرکەر لە کوردستاندا گوتەبێژیی دەکرا و دروشم بەرز دەکرایەوە.

توێژی خوێندەوار و ڕۆشنبیری کورد ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە بەرخودانی رۆحیی گەلی کوردا لە دژی سیاسەتی نکۆڵیکردن لە کورد و چەوسانەوە و تواندنەوە کە حکوومەتە یەك لە دوای یەکەکانی تورکیا پیادەیان دەکرد و دەیکەن. پێشەنگی ئەم بەرخودانە موسا عەنتەر بوو (دەسەلاتدارانی تورك ئەو هەڵوێستەی ئەویان قەت لە بیر نەکرد و لە ئەیلوولی 1992 دا بە شێوەیەکی دڕندانە کوشتیان و لاشەکەیان فڕێدایە سەر ڕێگا، هەرچەندە لە کاتی کوشتنیدا تەمەنی لە حەفتا ساڵ زیاتر بوو) .

لە تەك موسا عەنتەر کۆمەڵێ نووسەر و ڕۆشنبیری تریش پەیدابوون کە هەندێ گۆڤار و مانگنامە و هەفتەنامەیان بە هەردوو زمانی تورکی و کوردی بلاو کردەوە کە ژمارەکانی پەنجەی دەستیان تێنەدەپەراند، چونکە یەکسەر لە لایەن کاربەدەستانی تورکەوە دادەخران و قەدەغە دەکران و خاوەن و نوسەرەکانیان لە زیندان قایم دەکران یا بەدەستی پیاوکوژی کرێگرتە دەکوژران و تاوانەکان لە دژی تاوانکاری نادیار تۆمار دەکران. دەتوانم یلێم تورکیا لە سەرووی لیستەی ئەو ولاتانەوە دێ کە ئەو ژمارە زۆرە تاوانی تێدا ئەنجام دەدرێ و لە دژی تاوانکاری نادیار تۆمار دەکرێ، هەرچەندە دەسەلاتدارانی ئەو ولاتە زۆر بە چاکی دەیانناسن.

سالانی شەستەکان گەلێ دادگایی کردن و راونانی نیشتمانپەروەرانی کوردی تورکیایان بەخۆوە بینی، دادگاییکردنەکان هەمیشە بە نهێنی و لە پشت دەرگای داخراوە ئەنجام دەدران بۆ ڕێگە گرتن لە کاردانەوەی گەلی کورد و دەنگدانەوەی سیاسی ئەو روداوانە. بە دەگمەن نوسەرێ یا رۆشنبیرێکی کوردی تورکیا دەبینی کە بە تۆمەتی بلاوکردنەوەی بیری کۆمۆنیزم و کوردایەتی زیندان و جەزرەبە و ئەشکەنجەی بە دەستی کاربەدەستانی تورکیاوە نەبینیێ. حکومەتی تورکیا بە باشی لە گرنگیی و مەترسی چاپەمەنی و گۆرانی و مۆسیقای کوردی لە سەر سیاسەتەکانی بەرامبەر بە گەلی کورد تێگەیشتبو، بۆیەکا لە ساڵی 1967 هێنانی چاپەمەنی و کاسێتی تۆمارکراوی بە زمانی کوردی بۆ تورکیا قەدەغە کرد و سزای گرنی بۆ ئەوانە دەبریەوە کە کتێب و نامیلکە و کاسێتی گۆرانی کوردیان پێدەگیرا.

لە سەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتیش هاوکاری و هاوپەیمانی لە نێوان تورکیا و عیراق و ئێراندا بە پیرۆزبایی ئەمریکا و بەریتانیا لە دژی بزاڤی نەتەوەیی کورد و لە نێوبردنی شۆرشی ئەیلول و پێشگرتن لە سەرهەڵدانی بزاڤێکی هاچەشن لە تورکیا و ئێران لە گەرمەیدا بوو.

دەوڵەتی تورك لە سیاسەتی تواندنەوەی بەزۆری کورد و پێشگرتن لە سەرهەڵدانی دۆزی کورد لە تورکیا پەنای بردە بەر هەموو شێواز و ئامێرەکان. تەنانەت رۆحی کردەوە بە بەر جۆرێك لە سیستەمی دوێشرمەدا کە دەروازەی بالا لە دژی گەلانی ناموسوڵمانی بالکان و قەوقازدا پەیرەوی دەکرد، کاتێ منداڵانی ئەو گەلانە بەزۆر لە کەس و کاریان لە تەمەنێکی بچوکدا دادەبرێنران و بە هەستی ئیسلامی و دڵسۆزی بۆ سوڵتان پەروەردە دەکران. بەهەمان شێوە دەسەلاتدارانی تورکیا منداڵانی کوردیان لە ماڵی قوتابیاندا کۆ دەکردەوە و لە کەس و کاریان دادەبرین و بەهەستێکی رەگەزپەرستانەی تورکی پەروەردە دەکران و ڕێگەیان نەدەدرا بێجگە لە تورکی بە زمانی تر بپەیڤن و لە گۆر پرۆگرامێکی تایبەتی فێرکردن و پەروەردەکردن کاریان لە سەر دەکرا و کەسانێکان لێ بەرهەمدەهێنرا شانازی بە (تورکێتی) خۆیانەوە بکەن و نێوبردنیان بە کورد جێگەی سەرشۆری و شەرمەزاری بو بۆیان بۆیە زۆر بەتوندی رەتیان دەکردەوە. ئەم قوتابخانانە ژمارەیەکی زۆر لەم جۆرە مرۆڤانەی بەرهەم هێنا. لە ساڵی خوێندنی 1970 – 1971 دا ژمارەی ئەم جۆرە قوتابخانانە 50 قوتابخانە بوو و ژمارەی خوێندکارەکانیان بیست هەزار کەس بوو. لەو پەنجا قوتابخانەیە تەنها شەشیان لە رۆژئاوای تورکیا بوون، و ئەوانیش هەر بۆ منداڵانی کورد و کەمینە نەتەوەییەکانی تورکیا بوون.

لە گەڵ ئەوەشدا و لەو کەش و هەوایەدا کە بە بیری رەگەزپەرستی گەمار کرا بوو کەسایەتی و بزاڤی وا پەیدا بوون کە داوای داننانیان بە هەبونی گەلی کورد و مافەکانیدا دەکرد. هەڵبەتە زانای تورك ئیسماعیل بێشکچی لە سەروی هەموانەوە دێ، کە بە هۆی ئەو هەڵوێستە زانستی و مرۆڤدۆستانەیەوە توشی جەزرەبە و زیندانی و مەینەتی زۆر هات.

پارتی کرێکارانی تورکیاش یەکەمین پارتی سیاسی قانونی بوو کە هەڵوێستی روون و ئاشکرای لە بەرامبەر دۆزی کورد راگەیاند (پارتی کۆمۆنیستی تورکیا لە گۆر ئەو پرۆگرامەی لە نێوەراستی سییەکاندا بلاوی کردەوە لایەنگری خۆی لە ماف بریاردانی چارەنوسی کوردان راگەیاندبوو، هەرچەندە لە دواییدا لەو هەڵوێستەی پاشەکشەی کرد) . ئەو پارتە پشتگیری خۆی لە خەباتی گەلی کورد لە تورکیا راگەیاند و رەخنەی توندی لە سیاسەتی چەوسانەوە و نکۆڵی کردن کرد. ئەو هەڵوێستە یەکسەر بەو شێوەیە پەیدا نەبوو، بەڵکو هەنگاو بە هەنگاو بوو. لە شەستەکاندا پارتی کرێکارانی تورکیا سەیری دۆزی کوردی وەکو پرسێکی ئابوری و کۆمەلایەتی لە رۆژهەلاتی تورکیا دەکرد و چارەسەریش بەلایەوە لە چارەسەری کردنی باری ئابوری و کۆمەلایەتی دواکەوتوی ئەو ناوچەیەدا بوو بێ ئەوەی هیچ لایەك لە دۆزی نەتەوەیی کوردان بکاتەوە. تاوەکو سالی 1970 ئەو پارتە پرۆگرامێکی تایبەتی و دیاریکراوی بۆ دۆزی نەتەوەیی کورد نەبو. زۆربونی ژمارەی ئەندامانی کورد لە سەرکردایەتی ئەو پارتە و سەرکەوتنەکانی بزاڤی کورد لە باشوری کوردستان (رێکەوتنامەی 11 ئازاری 1970 لە نێوان سەرکردایەتی شۆرشی ئەیلول و حکومەتی عیراق دەربارەی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عیراق کە لە راستیدا جێ بە جێ نەکرا) بوە هۆی ئەوەی پارتی کرێکارانی تورکیا هەنگاوێکی بەرچاو بنێ و هەلوێستی روون لە مەر دۆزی کورد لە تورکیا رابگەیەنێ. کۆنگرەی چوارەمینی ئەو پارتە 28 – 31 ئوکتۆبەری 1970 بریارێکی تایبەتی لە مەر دۆزی کورد لە تورکیا وەرگرت کە ئازایەتی و بەرچاورونی پێوە دیار بوو و گرنگییەکی مێژوویی هەبوو. ئەو هەنگاوە دەکرا پێی بە دەسپێکێکی نوێ بۆ پەیوەندی لە نێوان بزاڤی دیموکراتی و چەپی تورکیا و بزاڤی نەتەوەیی کوردا لە تورکیا. لە بریارەکەی پارتی کرێکارانی تورکیا هەبونی گەلی کوردی لە تورکیا وەکو راستیەك بینرا و سیاسەتی چەوسانەوە و تواندنەوەی ئەم گەلەی، کە لە لایەن حکومەتە تورکیە یەك لە دوای یەکەکانەوە بە درێژایی تەمەنی کۆماری تورکیا پەیرەو کراوە و شێوازی شالاوی سەرکوتگەریی خوێناوی وەرگرتوە، تاوانبار کرد. هەروەها پشتگیری لە خەباتی گەلی کورد کرد لە پێناوی مافە دەستوری و دیموکراتیەکانیدا و ئەم هەلوێستەی بە ئەرکی خۆی زانی و داوای لە هێزە کوردی و تورکیە دیموکراتەکان کرد هاریکاری یەك بن لە رێگەی گەیشتن بەو ئامانجانە.

ئەم هەلوێستەی پارتی کرێکارانی تورکیا، ئەگەر لە چوارچێوەی مێژوویی خۆیدا هەلێسەنگێنرێ، پێویستی بە لێکدانەوەی زیاتر هەیە. لە لایەکەوە ئەو راستیە دوویات دەکاتەوە، کە تاوەکو ئێستاش گەلیێ لە سەرداران و کۆلکە سیاسەتمەداری کورد نایانەوێ لێی تێبگەن لە کاتێکدا نەیارانی کورد زۆر بە باشی لێی گەیشتون، ئەویش ئەوەیە کە هەر سەرکەوتنێك لە هەر بەشێکی کوردستاندا بە شێوەیەکی ئەرێنی کاردانەوەی لە سەر هەموو بەشەکانی تری کوردستان دەبێ، پێچەوانەکەشی راستە واتا هەر تێکشکانێکی کوردان زیانی بۆ هەموو کوردان هەیە.

لە لایەکی ترەوە و لە کاتێکدا هێزە سیاسییە دیموکراتەکانی نێو تورکیا و دەرەوەی ئەو ولاتەش پێشوازیان لەم هەلوێستەی پارتی کرێکارانی تورکیا کرد وبە وەرچەرخانێکی ئەرێنی گرنگیان دانا لە سەر رێگەی بنیاتنانی پەیوەندی نوێ لە نێوان کورد و تورکدا، هێزە توندرەو و شۆڤینیەکان بریاریاندا ئەم دیاردە (ترسناکە) لە سەر دوا رۆژی دەولەتی تورك لە لانکەدا بکوژن پێش ئەوەی پەرە بسێنێ.

جەنەرالەکان بە هاوکاری لە گەل سلێمان دێمیریلدا، کە ئەو کاتە سەرەك وەزیران و سەرۆکی پارتی عەدالەت بوو، سیناریۆی کودەتایەکیان داریژا لە 12 ئازاری 1971 کە لە مێژوودا بە (کودەتای بیرخەرەوەکە) نێوی رۆیشتوە. چاودێرانی سیاسی ئەو کودەتایەیان وەکو پیلانێکی ئاشکرا بۆ پێشگرتن لە گەشەکردنی بزاڤی چەپ و بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد نرخاند. هەروەها ئامانجی کودەتاکە بەهێزکردنی دەستە رەگەزپەرست و راستڕەوەکان بوو. دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە ئەو رووداوانە بە پشتگیری و پیرۆزبایی ولاتانی رۆژئاوا بوو، کە تورکیا گرنگیەکی زۆری بۆ بەرژەوەندییەکانیان هەبوو لە سەردەمی ململانێی شەری ساردا و کوردستان پێگەیەکی گرنگی ئەو ململانێیە بو.

دوای کودەتاکە یەکسەر باری نائاسایی لە ئەستەمول و دیاربەکر و سێرت راگەیاندرا. راگەیاندنی باری نائاسایی لەو شارانەدا ئاماژە بۆ ئەو راستیە دەکات کە کودەتاکە لە دژی بزاڤی نەتەوەیی کورد و هێزە چەپەکان بوو. یەکەمین پارتی سیاسیش کە قەدەغەکرا پارتی کرێکارانی تورکیا بوو بە هۆی ئەوبریارەیەوە لە مەر دۆزی کورد لە کۆنگرەی چوارەمینیدا. سەرکردەکانی پارتەکەش بەسەرۆکایەتی بەهێجە بوران درانە دادگای تایبەتی و لە زیندان قایم کران. بەندی 31 دەستوری سالی 1961 بە شێوەیەکی وا دەستکاری کرا کە لە کۆتاییدا بووە هۆی لە نێوبردنی تەنانەت ئازادییە شەکلیەکان و هەموو دیاردەیەکی دیموکراتی لە ژیانی سیاسی تورکیادا. ئەم هەنگاوانە

لە سێبەری دروشمی (پاراستنی ولاَت لەو مەترسیانەی یەکێتی نیشتمانی و نەتەوەیی تورکیا روو بە رووی بونەتەوە) ئەنجامدەدران. سەرەك وەزیرانی تورکیا نیهاد ئیرێم ئەو مەترسیانەی بە شێوەیەکی وا مەزن نیشان دەدا کە تەنانەت (هەبوونی دەستوری لە بارێکی وادا بە جۆرە ناماقولّیەك) لە قەلّەم دەدا.

هێزە سیاسیە دیموکرات و چەپ و رێکخراوە کوردییەکان یەکسەر لە دوای کودەتای 1971 کەوتنە بەر شالاَوی سەردارانی نوێی تورکیا. لە گولاَنی هەمان سالّدا 22 کورد لە دیاربەکر درانە دادگا بە تۆمەتی هەولّی دامەزراندنی دەولّەتێکی کوردی لە رۆژهەلاَتی تورکیا. گیراوەکان ئەندامانی یانەی کولتورییە شۆرشگێرییەکانی رۆژهەلاَت بوون کە لە تورکیا بە (DDKO) دەناسران. هەروەها شالاَوی گرتن و راونان بێجگە لە دیاربەکر مێردین و شارەکانی تری کوردستانیان گرتەوە. لە نێو گیراواندا سیاسەتمەداری وا هەبون کە لە دواییدا نێوبانگیان دەرکرد وەکو کەمال بورقای (رێبەری ئێستای پارتی سۆسیالیستی کوردستان) و مەهدی زانا (سەرۆکی پێشوی شارەوانی دیاربەکر و هاوسەری پەرلەمەنتەری زیندانیی کورد لەیلا زانا) و نوسەری شەهید موسا عەنتەر و لێکۆلّەری بە توانا محەمەد ئەمین بۆزئەرسلاَن و دکتۆر ناجی کوتلاَی و تاریق ئیکینجی و شەرەفەدین ئێلچی و هەزارانی تر کە سەرچاوە کوردییەکان ژمارەیان بە چوار هەزار زیندانی تەنها لە دیاربەکر و سیلوان دەقەبلاَندن، لە کاتێکدا کە کاربەدەستانی تورك بە خۆیان دانیان بەوەدا نا کە تەنها لە ماوەی سالّێکدا لە هەردوو ویلایەتی دیاربەکر و سێرت، کە باری نائاساییان تێدا راگەیاندرابوو، نزیکەی دە هەزار کەسیان دەستگیر کردبوو.

لە گولاَنی 1972 دا 29 سەرکردە و کادری پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا لە لایەن دادگایەکی تایبەتییەوە دادگایی کران و بریاری زیندانی کردنیان درا. هەندێ لە سەرکردەکانیش کە هەلّهاتبون فەرمانی غیابی دران وەکو رابەری یەکێ لە باڵەکانی پارتی دکتۆر شڤان (سەعید قرمزتۆپراق) کە لە گەل هەندێ لە لایەنگرانیدا پەنای بردبوە بەر کوردستانی عیراق و لەوێ لە میانەی ململانێ و رکەبەریدا لە گەلّ بالّەکەی تردا کە سەعید ئێلچی رابەری دەکرد سەریان تێدا چو (تاوەکو ئێستا وەردەکارییەکانی ئەو روداوە دلّتەزێنە، وەکو گەلێ کارەساتی تری ئەم سی سالّەی دوایی بزاڤی نەتەوەیی کورد، بە شێوەیەکی بێ لایەنانە و بابەتیانە لێکنەدراوەتەوە و روون نەکراوەتەوە) .

لە ئابی هەمان سالّدا 13 سالّ زیندانی بۆ زانای تورك ئیسماعیل بێشکچی برایەوە بە تۆمەتی بلاَوکردنەوەی پروپاگەندەی کۆمۆنیستی و کوردایەتی.

دەولّەتی تورك هەموو هەولّێکی دەدا دەستی ئاسنینی لە سەر کوردستان بە هێز بکا و درندەترین شالاَوی ئەنجام دەدا بۆ پێشگرتن لە گەشەکردنی بزاڤی نەتەوەیی کورد. سەرباری شالاَوی سەرکوتکردن و زیندانی کردنی هەزاران کورد، سوپای تورکیا مانۆری مەزنی لە کوردستان پێکدێنا بە کەرەسە و زەخیرەی راستەقینە و رۆژنامەکانیش بە مانشێتی گەورە رایاندەگەیاند کە (مانۆرەکان زۆر سەرکەوتو بوون و هۆش بەبەر ئەوانەدا دێنێتەوە کە پێیان وایە لە تورکیادا لە نەتەوەیەك زیاتر دەژێ !) . لە سەر ئاستی ناوچەکەش تورکیا لە گەلّ ئێران و هاوپەیمانانیدا لە چوارچێوەی (CENTO) لە هاریکاریدا بوون لە دژی هەر دەستکەوتێك کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا بە دەستی بێنێ.

دوای هەلّبژاردنەکانی 1973 لە تورکیا باری سیاسی هەندێ خاوبونەوەی بە خۆیەوە بینی، هێزە کوردییەکان هەولّیاندا کەلّکی لێ وەربگرن و برینەکانیان سارێژ بکەنەوە هەرچەندە سیاسەتی داپلّۆسین و کۆنترول کردنی توندو تۆلّی سەربازی و پۆلیسی و بەرێوەبەرایەتی لە کوردستاندا هەر بەردەوام بوو. لە ئەنجامی ئەم رەوشەدا لە نێوەراستی هەفتاکاندا هەندێ رێکخراوی سیاسی نهێنی و نیمچە ئاشکرای کوردی دەستیان بە چالاکی سیاسی و رۆشنبیری کوردی کرد لە زوربەی شارەکانی کوردستان و شارە گەورەکانی تورکیادا وەکو ئەستەمولّ و ئەنقەرە و ئەزمیر.

لە نێو ئەو رێکخراوانەدا یانەکانی رۆشنبیری شۆرشگێری دیموکراتی رۆژهەلاَت لە هەموو چالاك تر بوون و بزاڤێکی سیاسی و رۆشنبیری بەربلاَویان لە میترۆپۆلە تورکی و شارە کوردییەکاندا بەرپا کردبوو. لە تەکیاندا رێکخراوی دیموکراتی و شۆرشگێری مامۆستایان و ژنانیش پەیدا بوون. ئەمانە زیاتر گرێدراوی بالّەکەی دکتۆر شڤان بوون لە نێو پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیادا کە داوای گۆرانکاری زۆری دەکرد لە پرۆگرامەکانی پارتیدا بۆ ئەوەی لە پارتێکی نەتەوەییەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق بە نمونە بۆ

خۆی دەزانێ بۆ پارتێکی چەپ کە لە گەڵ ئەو بیر و بۆچونە سیاسییانە بگونجێ کە سەرکردەکەی و هەڤاڵانی پەیرەویان دەکرد. ئەمانە کۆمەڵێ گەنجی رادیکالی مارکسی بون و قایل نەدەبون لە ژێر سەرکردایەتی سەرکردە تەقلیدییەکاندا خەبات بکەن.

لە تەك ئەم رێکخراوە نیمچە ئاشکرایانەدا هەندێ رێکخراوی تری کوردیش هەبون کە بە نهێنی خەباتیان دەکرد. ئەم رێکخراوانە ئەو کاتە سەریان هەڵدا کە کادرە کوردەکان لە بزاڤە چەپەکانی تورکیا دور کەوتنەوە لە دوای گەنگەشە و بگرە و بەردەیەکی فیکری زۆر کە زیاتر لە دەیەیەکی خایاند دەربارەی (پرسەکانی شۆرشی سۆسیالیستی لە تورکیا و مافی بریاردانی چارەنوسی کورد لە سێبەری سۆشیالیزمدا . تاد) کە ئیدی لەوە زیاتر نەیاندەتوانی کادرە کوردە چالاکەکانی نێو بزاڤی چەپی تورك بەخۆیانەوە بگرن و سەرنجیان رابکێشن. تەنانەت پارتی کرێکارانی تورکیاش لە ژێر فشاری کاربەدەستان و ئامادەیی سەرکردەکانیدا بە تایبەتی لە کاتی دادگایی کردنیاندا لە هەڵوێستەکانی پێشوی پەشیمان بووەوە. ئەو رابەرانە لە گەڵ روونی و راشکاوەیی بریارەکانی کۆنگرەی چوارەمینی حیزبەکەیاندا، لە بەردەم دادگادا رایاندەگەیاند کە ئەوان تەنها داوای راگرتنی هەڵس و کەوتی نادیموکراتی و نادەستوریان کردووە لە بەرامبەر هاولاتیانی بە رەگەز کوردی تورکیا. بۆچونە نوێکانی پارتی کرێکارانی تورکیا بە تەواوی لە پرۆگرامی ساڵی 1975 دا روون بوونەوە، کە تەنها هەندێ رستەی گشتیی لە مەر خەبات لە دژی دید و بۆچونی رەگەزپەرستی و شۆفینی گرتبوە خۆی. لەوەیە ئەم پاشەکشەیە بۆ ئەوە بووبێ کە پارتەکە قەدەغە نەکرێ و بتوانێ بەردەوام بێ لە سەر خەباتی ئاشکرای خۆی. بەلام ناکرێ شکستی بزاڤی چەکداریی کورد لە کوردستانی عیراق لە ئازاری 1975 لە بیر بکرێ کاتێ ئەم وەرچەخانە دەنرخێنین.

ئەم هەڵوێستە تازەیەی پارتی کرێکارانی تورکیا و پارتی کرێکارانی سۆسیالیستی تورکیا، کە تەنها وەکو پرسێکی ئابوری – کۆمەلایەتی لە دۆزی کوردی دەنەری، بوە هۆی دوورکەوتنەوەی ئەندامە گەنجە کوردەکان کە رۆڵێکی گەورەیان لەو رێکخراوانەدا دەگێرا. ئیدی ئەوان بەو لێکدانەوە و قسە و باسانە لە خشتە نەدەبران و کەوتنە خۆ بۆ دامەزراندنی رێکخراوی سیاسی تایبەت بە کورد.

ئەو گۆرانکارییانە زەمینە خۆشکەر بون بۆ پەیدابونی پارتە کوردستانیەکان لە تورکیا لە نێوەراست و کۆتایی هەفتاکاندا و هەر ئەو مەرجانەش رۆڵیان هەبوو لە دید و بۆچونەکان و شێوازی کارکردنی ئەو پارتانەدا. لە هەفتاکاندا پارتی سۆسیالیستی کوردستان (1974) و پارتی کرێکارانی کوردستان (1978) و ئالای ئازادی و تێکۆشین و کاوە و رزگاری و کوك و کۆمەڵێ گروپ و رێکخراوی تر لە باکوری کوردستان پەیدا بون. ئەم رێکخراوانە هەندێ گۆڤار و رۆژنامەیان بلاوکردەوە. لە سەر لاپەرەکانی ئەو بلاوکراوانە دۆزی کورد لە تورکیا و سیاسەتەکانی دەولەتی تورك لە بەرامبەر گەلی کورد تاوتوێ دەکران و رەخنەی توندیان لەو سیاسەتانە دەگرت و داخوازی ومافە نەتەوەیی و مەدەنیەکانی کوردیان بەرز دەکردەوە. ئەم بلاڤۆکانە رۆڵیان هەبوو لە خستنە رووی باری سەختی کوردان لە تورکیا و بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوەیی و هۆشیاری سیاسی لە نێو کوردانی ئەو ولاتەدا. هەندێ لەم رێکخراوانە دەستیان کردە رێکخستنی دەستەی چەکداریی نهێنێ.

سیاسەتی نکۆڵی کردن و چەوسانەوەی کورد و شالاوی قرکردن و وێران کردن کە حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی تورکیا لە سەردەمی ئیتحاد و تەرەقیەوە لە دژی گەلی کورد گرتبویانە بەر، دید و بۆچون و لێکدانەوەکانی پارت و رێکخراوە کوردییەکانیان دەست نیشان کرد. هاودەنگی و هاوبیریی هێزە سیاسیەکانی تورکیا چ ئەوانەی دەسەلاتیان بەرێوە دەبرد و چ ئەوانەی رۆڵی ئۆپۆزیسیۆنیان دەبینی لە نکۆڵی کردن لە هەبوونی گەلی کورد و سەرکوتکردنی بچوکترین جم و جوڵی سیاسی کوردان، بیرۆکەی هاوخەباتی لە نێوان هێزە کوردییەکان و هێزە سیاسییەکانی تورکیای لە ئەژێندای کوردان وەدەرنا. هەروەها بیرۆکەی خەباتی سیاسی قانونی کورد لە سێبەری دیموکراتیدا بۆ کورد لە تورکیا جۆرە فەنتازیایەك بوو کە کەس نەیدەتوانی خەونی پێوە ببینێ. هەر بۆیە دەبینین پرۆگرامی زوربەی پارتە سیاسیەکانی باکوری کوردستان پێیان لە سەر مافی بریاردانی چارەنوس و دامەزراندنی دەولەتی کوردی دادەگرت. بەدیهێنانی ئەو ئەرکەشیان بە شەری چەکداری گەلەری درێژخایەنەوە گرێدەدا. تەنانەت پارتی دیموکراتی کوردستان، کە لە بەشەکانی تری کوردستان لە دروشمی ئۆتۆنۆمی زیاتری بەرز نەدەکردەوە، لە تورکیا دروشمی مافی بریاردانی چارەنوس و شەری گەلەری درێژخایەنی بەرز دەکردەوە. هەروەها باری سەختی ئابوری کورد و دەست تێکەلاوکردنی ئاغا و دەرەبەگ و سەرەك هۆزەکان و چینی بالادەستی کۆمەڵگەی کوردەواری لە گەڵ کاربەدەستانی تورکیادا، سەرباری پێشینەی چەپ ومارکسی کادیرانی بزاڤی نەتەوەیی کوردی ئەو ولاتە (بەدەگمەن سیاسەتمەدارێکی کوردی تورکیا دەبینی کە بە یەکێ لە قوتابخانەکانی چەپی تورکیادا نەگوزەریێ) ، بۆچونە چینایەتی

و ئایدیۆلۆجیەکانی پارتە سیاسیەکانی کوردیان لە باکوری کوردستان دەست نیشان. هەموو ئەو پارتانە دروشمی مارکسی – لێنینیان بەرز دەکردەوە، هەرچەندە قەت هیچ کام لە پایتەختەکانی مارکسیزم – لێنینیزم ئەو (شەرەفەیان) پێیان نەبەخشی. لە گەڵ ئەوەی زوربەی ئەو پارتانە باسێکی زۆریان لە هاوکاری لە نێوان کورداندا دەکرد و دروشمی سازدانی بەرەیەکی خەباتی فراوانی هێزە کوردییەکانیان بەرز دەکردەوە بۆ بەرەنگاربونەوە لە گەڵ بەرێوەبەرایەتی کۆلۆنیالی تورکیدا (تەنانەت لە شوباتی 1980 بەرەی هێزە نیشتمانی و دیموکراتیەکانی کوردستانیش دامەزرا) ، لێ مخاین هێز و توانایەکی زۆر لە ململانێ و رکەبەری نێوخودا خەرج کرا و سەدان مرۆڤی نیشتمانپەروەری کورد لەو رکەبەرێ و بەیەکدادانە بێ واتایانەی نێو باڵەکانی بزاڤی نەتەوەیی کوردا ژیانیان لە دەستدا. تاوانبارکردنی یەکدی بە (خیانەت کردن لە پرینسپەکانی مارکسیزم و ئۆپۆرتونیستی و نوێنەرایەتی نەکردنی چینی پرۆلیتاریا و بیری نەتەوەیی پریمیتیڤ ...تاد لەو بالۆرانەی کە تاوەکو ئەورۆش لێرە و لەوێ مرۆڤ گوێی لێدەبێ) هەمیشە حازر بوو.

لە نیوەی دووەمی هەفتاکاندا شار و زانکۆکانی تورکیا لە بەرەیەکی راستەقینەی شەر دەچون لە نێوان هێزە توندرەوە رەگەزپەرستەکان، و بە تایبەتی رێکخراوەکانی (گورگە بۆرەکان) و (کۆماندۆس) کە پارتی بزاڤی نەتەوەیی فاشی بە رابەرایەتی ئەلب ئەصلان ورکێش سەرپەرشتی دەکردن، و هێزە توندرەوە چەپە هەمە چەشنەکان (کە خۆیان بە هەڵگرانی بیری ترۆتسکی، ماو دزی تۆنگ، جیفارا و تەنانەت ئەنوەر خۆجەش دەزانی) . لەم ململانێیەدا و لە ماوەی دوو ساڵدا 1978 – 1980 لە گۆر سەرچاوەکان زیاتر لە پێنج هەزار کەس کوژران و چواردە هەزاریش بریندار بون. دەزگاکانی سوپا و ژاندارم و ئاسایش دەستی هاوکاری و یارمەتیان بۆ راستڕەوەکان درێژ دەکرد، بۆیە زوربەی کوژراوەکان چەپ بون و بەدەست گورگە بۆرەکان و کۆماندۆس دەکوژران. لە گەڵ هەموو رەخنەکانیاندا لە هێزە چەپەکان پارتە کوردستانیەکان لەو ململانیەدا لایەنگیری ئەوان بون چونکە لایەنەکەی دی تەنها کوشتن و وێرانکردی پێ بوو بۆ کوردان.

وادیارە هێزە نهێنیەکانی نێو سوپا و دەزگاکانی دەوڵەتی ترکیا بانزینیان دەکرد بە سەر ئاگری ئەم بەیەکدادانەدا بۆ ئەوەی زەمینە خۆش بکەن بۆ کودەتای سەربازی 12 ئەیلولی 1980. بەشی دووەمی ئەم وتارە بۆ باسکردن لە کودەتای ئەیلول و پەرەسەندنی دۆزی کورد لە تورکیا لە هەشتاکان و نەوەدەکان تەرخان کراوە.

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**